حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان
بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا

حكومة اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
دائرة البحث والتطوير
مديرية الدراسات العليا

ژمارە: ١٤٥٠٣
ڕێکەوت: ١ / ٩ / ٢٠٢٦ی زایینی
١٠ / ٦ / ٢٧٢٦ی کوردی

العدد:
التاريخ: / / ٢٠٢٦

له چوارچێوەی پرۆژەی هەڵسەنگاندنی مەترسیەکانی گەندەڵی لە بواری توێژینەوەی زانستی لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و دەستەی دەسپاکی هەرێمی کوردستان-عێراق و پاڵپشت بە کۆنووسی لیژنەی پێکهاتوو بە فەرمانی وەزاری ژمارە (١٩٧٨٢) لە (٢٠٢٤/١٠/٧) و بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە، بڕیاردرا بە دەرکردنی ئەم ڕێکارەی خوارەوە:

## ڕێکاری ئاکاری ئەکادیمی لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان – عێراق

**ماددەی (١):** ئەم دەستەواژانەی خوارەوە، لە هەر شوێنێکی ئەم ڕێکارەدا هاتبن، ئەو مانایانەیان دەبێت کە لە خوارەوەدا بۆیان دیاریکراوە:

- **وەزارەت:** وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستان- عێراق.
- **وەزیر:** وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستان- عێراق.
- **فەرمانگە:** فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان لە وەزارەت.
- **زانکۆکان:** گشت زانکۆ و کۆلێژی زانکۆیی و پەیمانگە حکومی و تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان-عیراق.
- **دامەزراوە ئەکادیمییەکان:** ئەنجوومەنی باڵای کوردستانی بۆ پسپۆڕییە پزیشکییەکان و دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیژی و توێژینەوەی زانستی و گشت داموو دەزگاکانی سەر بە وەزارەت لە هەرێمی کوردستان- عێراق.
- **دەستەی وانەوتنەوە:** بریتییە لە ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوەی خاوەن نازناوی زانستی و بڕوانامەی ئەکادیمی لە زانکۆ و دامەزراوە ئەکادیمییەکان و لە سەنتەرەکانی توێژینەوە و گۆڤارە زانستیەکان و لە گشت دام و دەزگاکانی سەر بە وەزارەت کار دەکات کە مەرجی دەستەی وانەوتنەوەی تێدا بەدیدەکرێت بەپێی یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان.
- **لیژنەی باڵا:** لیژنەی باڵا بۆ بەدواداچوونی کارکردن بە ڕێکارەکانی ئاکارە ئەکادیمییەکان لە زانکۆ و دامەزراوە ئەکادیمییەکان.
- **لیژنە ناوەندییەکان:** بریتییە لە هەریەک لە لیژنەکانی:

  - لیژنەی ناوەندیی مرۆیی: بریتییە لە لیژنەی ناوەندی بۆ بەدواداچوونی کارکردن بە ڕێکاری ئاکارە ئەکادیمییەکان لە کۆلێژەکان/ فاکەڵتییەکان/ پەیمانگەکان و پسپۆڕییە زانستە مرۆییەکان و کۆمەڵایەتییەکان لە زانکۆ و دامەزراوە ئەکادیمییەکان.
  - لیژنەی ناوەندیی زانستیی: بریتییە لە لیژنەی ناوەندیی بۆ بەدواداچوونی کارکردن بە ڕێکاری ئاکارە ئەکادیمییەکان لەکۆلێژەکان/ فاکەڵتییەکان/ پەیمانگەکان و پسپۆڕییە زانستی و پراکتیکییەکانی زانکۆ و دامەزراوە ئەکادیمییەکان.
  - لیژنەی ناوەندیی پزیشکی: بریتییە لە لیژنەی ناوەندیی بۆ بەدواداچوونی کارکردن بە ڕێکاری ئاکارە ئەکادیمییەکانی کۆلێژەکان/فاکەڵتییەکان/ پەیمانگەکان و پسپۆڕییە پزیشکییەکانی زانکۆ و دامەزراوە ئەکادیمییەکان.

- **قوتابی/خوێندکار:** گشت قوتابیان/خوێندکارانی قۆناغەکانی خوێندنی بەرایی (بەکالۆریۆس) و خوێندنی باڵا (دبلۆمی باڵا، ماستەر، بۆردی پزیشکی، دکتۆرا) دەگرێتەوە.

- **ئەرکی زانستی:** بریتییە لەو ئەرکانەی کە قوتابی/خوێندکار بەجێیدەگەیەنێت لەڕووی ئەرک و ڕاپۆرت و توێژینەوەی زانستی پەیوەست بە بابەتە ئەکادیمییەکان یان ئەوکارەی لە تاقیگەدا ئەنجامی دەدات، چ بە شێوەی نووسراو یان زارەکی یاخود کرداریی.
- **بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکان:** هەر ڕەفتارێک یان هەڵسوکەوتی ئەندامێکی دەستەی وانەوتنەوە کە بەرژەوەندییەکی ماددی یان مەعنەوی تایبەت بۆ خۆی یان بۆ کەسانی تر بەدەست بهێنێت، بە جۆرێک کە لەگەڵ ئەرکە پیشەییەکانی یان بنەماکانی ئەم ڕێکارە یان ئامانج و بەرژەوەندییەکانی وەزارەت و دامەزراوەکانیدا ناکۆک بێت.
- **توێژینەوەی زانستی:** هەوڵێکی زانستی سیستماتیکییە بۆ گەیشتن بە ڕاستییەکی زانستی ئەنجام دەدرێت لە پێناو بەرژەوەندی مرۆڤ بەکار دەهێنرێت و هەڵسوکەوتێکی ڕێکخراوی مرۆڤە بە ئامانجی لێکۆڵینەوە لە دروستی زانیاری یان گریمانەیەك یان ڕوونکردنەوەی دیاردەیەك و تێگەیشتن لە هۆکار و میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی یان دۆزینەوەی چارەسەرێکی سەرکەوتوو بۆ کێشەیەك کە گرنگی هەیە بۆ تاك و کۆمەڵگە و نیشتیمان. هەروەها هیچ توێژینەوەیەکی زانستی جێی متمانە نییە بەبێ پابەندبوونی توێژەران بە ئاکار و بەها زانستییەکان.
- **ئاکار:** ئەو بنەما بنەڕەتییانەیە کە یاسا و نەریتەکانی لەسەر بنیات دەنرێن بەپێی ئەو ڕێسا و یاسایانەی پەیڕەو دەکرێن و لە لایەن گروپە پسپۆرییەکانەوە دادەڕێژرێن بۆ کۆنترۆڵکردنی هەڵسوکەوت بە ئامانجی دیاریکردنی ئەو کردار و پەیوەندی و سیاسەتانەی کە دەبێت بە ڕاست یان هەڵە دابنرێن کە پێوەرەکانی ئاکار (ئیتیک- الأخلاق) لە دوو سەرچاوەوە وەردەگیرێت، ئەویش نەریت و کەلتووری باوی ناو کۆمەڵگایە.

## بەشی یەکەم

## بەها و بنەما و ئاکارە ئەکادیمییە گشتییەکان

**ماددەی (٢):** ئاکارە ئەکادیمییەکان مانای ئەوەیە کە ئەندامی دەستەی وانەوتنەوە ئەرکەکانی بەڕاستگۆیی و دەسپاکی و بابەتیانە جێبەجێ دەکات و بە بەردەوامی کار دەکات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی ئەو دامەزراوە ئەکادیمییەی کە تێیدا کار دەکات بەو شێوەیەی کە ڕەفتارە ئەکادیمی یان کارگێڕییە ئەکادیمییەکان لە سنووری دەسەڵاتی ڕێگەپێدراودا بێت و بە نیازپاکی ئەرکەکانی خۆی ئەنجام بدات، دوور لە نیازێکی خراپ یان کەمتەرخەمی یان پێشێلکردنی یاسا یان زیانگەیاندن بە بەرژەوەندی گشتی بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندیەکی تایبەت بۆ خۆی یان بۆ کەسانی دیکە.

**ماددەی (٣):** ئەو بەهایانەی کە پێویستە ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە پێوەی پابەند بن بریتین لە:

**یەکەم: بەها و بنەما گشتییەکان:**

**(١)** سپاردەپارێزی (الأمانة): بەجێگەیاندنی دڵسۆزانە و بەرپرسیارانەی هەر ئەرک و ئۆباڵێک کە لەلایەن زانکۆ و دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا دەکەوێتە ئەستۆی ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە، چ لە چوارچێوەی تەواوکردنی توێژینەوە و هەڵسەنگاندنی زانستیدا بێت یان لە چوارچێوەی وانەوتنەوە و چالاکییە زانستییەکاندا دابێت یاخود لە چوارچێوەی مامەڵەکردن لەگەڵ بەرپرس و هاوپیشە و قوتابی/خوێندکارەکانیدا بێت، هەروەها پابەندبوونی تەواو بە ڕێزگرتن لە بەشداری زانستی هاوکارانی و پاراستنی خاوەندارێتی هزری و پێداچونەوەی ڕەخنەگرانە و هاندانی گفتوگۆی زانستی بنیاتنەر لە هەموو ئاستەکان.

**(٢)** دادپەروەریی: ئەندامی دەستەی وانەوتنەوە دەبێت بە شێوەیەکی دادپەروەرانە مامەڵە لەگەڵ هاوپیشەکانی لە دەستەی وانەوتنەوە و قوتابیان/خوێندکاران یان کەسانی دیکە بکات و مافەکانیان فەرامۆش نەکات، هەروەها دادپەروەریی بەرامبەر بەو خاوەن مافە بکات کە بەهەر هۆکارێک چاوپۆشی لە مافەکانیان دەکرێت یان مامەڵەی نادادپەروەریان بەرامبەر دەکرێت.

(٣) دەرفەتی یەکسان: ڕێزگرتن لە بەدیهێنانی یەکسانی لە دەرفەتدا لە چوارچێوەی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوەی فاکەڵتی/کۆلێژ/پەیمانگە یان کەسانی دیکە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازیی پەروەردەیی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، مەیلی سیاسی و ئایدیۆلۆژییان و پەنا نەبردنە بەر هیچ جۆرە جیاکارییەك لە هەموو مامەڵەکان و پەیوەندییەکان لەگەڵ کەسانی دیکە. هەروەها بڕیاردان و گرتنەبەری ڕێکاری گونجاو و هاوسەنگ، بەبێ گوێدانە ڕەچاوکردنی ئایدیۆلۆژی، زمانەوانی، نەتەوەیی، ئایینی، ڕەگەزیی (جێندەری) و هاوشێوەکانی.

(٤) لێبوردەیی: نیشاندانی نەرمی و لێگەیشتن لە بیرکردنەوە و هەستی هاوپیشەکانی و قوتابی/خوێندکار و فەرمانبەران و ڕێزگرتن لە تێڕوانینەکانیان، پەیوەندیکردن لەگەڵیان بە شێوەیەکی ئەرێنی، بەجۆرێک کە خزمەت بە بەرژەوەندییە گشتییەکان و ئامانجە باڵاکانی زانکۆکان و دامەزراوە ئەکادیمیەکان بکات و جێبەجێکردنی ڕێکارەکان بە شێوەیەک کە گونجاو بێت لەگەڵ زانیاری تەواو لەسەر بارودۆخ و ئەزموونە کەسییە لە ناکاوەکان یان بەردەوامەکان کە سەرهەڵدەدەن.

(٥) پیشەگەری و ڕێزگرتن لە یەکتر: پێکهێنانی پەیوەندی کاریگەر و ئەرێنی لە ناوەندی زانکۆییدا، بە لەبەرچاوگرتنی هەست، ماف، خواست و نەریتی ئەوانی دیکە و ڕێزگرتن لە هەمەجۆریی پەیوەندییە ئایینی، نەتەوەیی، کولتوورییەکانیان و نیشاندانی پێزانین بۆ ئەوانی دیکە لە هەموو هەڵسوکەوت و مامەڵەکردنێکدا، لە چوارچێوەی ڕێزگرتن و ڕەچاوکردنی پیشەی زانکۆ و لەبەرچاوگرتنی یاسا و سیاسەتەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق.

(٦) هاوکاری زانستی: واتە کارکردن لە چوارچێوەی هاوکاری زانستی و ئەکادیمی بە پشت بەستن بە ئامانجی بەشداری زانستی و باشترکردنەوەی لەڕێگەی ئاڵوگۆڕی ئەزموون و زانیاری لەسەر بنەمای متمانەی هاوبەشی نێوان ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە و توێژەران.

(٧) بێلایەنی: دەستبەرداربوونی ئەندامی دەستەی وانەوتنەوە لە دەمارگیری بۆ بیروڕای کەسی، دیدگای ئایدیۆلۆژیی و نابابەتیی و هەموو ئەوانەی کە ڕەنگە زیان بە پڕۆژەی توێژینەوە، خوێندن یان پڕۆسەی فێربوون بگەیەنن.

(٨) بابەتییانەیی: ئەندامی دەستەی وانەوتنەوە و توێژەرانی زانکۆکان ئەو ئەنجامانە یان ئەو ڕاستییە زانستییانە دەخەنە ڕوو کە بە میتۆدی زانستی پێیگەیشتوون بەبێ ئەوەی هیچ گۆڕانکارییەك یان شێواندنێکیان بۆ بکات، بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی کە ئایا گریمانە سەرەکییەکە و خودی دیدگا بنەڕەتیەکەی توێژەر بەهێزتر بکەن یان دژایەتی بکەن.

(٩) وردبینی: گونجاویی داتاکان و دەرئەنجامی توێژینەوەکە یان لێکۆڵینەوە لەگەڵ ڕاستییەکان، بە گرتنەبەری شێوازی زانستی نوێکار و پێوەری ورد بۆ گەیشتن بە ئەنجامە زانستییەکان و هەڵسەنگاندنی توێژینەوە، ڕاپۆرت، پرسە زانستییەکان و تەکنیکییەکان و هاوشێوەکانی.

(١٠) ڕەخنەگەری: واتە شیکردنەوەو گومانی زانستی دەربارەی ئەو دەرئەنجامانەی کە لە چاودێریکردنی بەڵگەنامەو سەرچاوە زانستییەکان بەرەو زانینی ڕاستییەکان دەچن.

**دووەم: ئاکارە ئەکادیمییە گشتییەکان:**

(١) دەسپاکی ئەکادیمی: لە دوو ئاستدا دەسپاکی ئەکادیمی ئەندامی دەستەی وانەوتنەوە بەرجەستە دەکرێت کە دەبێت پابەندبن پێی:

أ- دەسپاکی وەك خەسڵەتێکی کەسی: واتە دڵسۆزی لە کاردا، خود بێخەوشی و ڕاستگۆیی ئاکاری لە ناوەوە و دەرەوەی هۆڵەکانی خوێندن و ئەو ئەرکە کارگێری و زانستی و فێرکارییانەی کە لەلایەن ئەندامی دەستەی وانەوتنەوە بەجێدەگەیەنرێن، بەجۆرێك کە متمانەپێکراوی و وردبینی لە گواستنەوەی شارەزایی و ئەزموونەکان مسۆگەر بکرێت بە شێوەیەکی ڕوون و تەواو بەبێ کەموکوری، لەگەڵ ئاشکراکردنی بەریەککەوتنی بەرژەوەندی لە نێوان ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە یان کەسانی تر و ڕەتکردنەوەی هەموو جۆرەکانی گەندەڵیی کارگێری و ئەکادیمی.

ب- دەسپاکی وەك خەسلەتێکی پیشەیی: دەسپاکی ئەکادیمی بنەمای توێژینەوەی زانستی و پرۆسەی فێرکاری پێکدەهێنێت، بەو پێیەی گوزارشت لە خۆپابەندبوون دەکات بۆ ڕێزگرتن لە ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە، بابەتەکانی توێژینەوە، وانەوتنەوەکانیان و پابەندبوون بە هەموو شتێك کە متمانەی کۆمەڵگە بە دامەزراوە ئەکادیمییەکان زیاتر دەکات. ئەمەش لە ڕێگەی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی ڕاستگۆی ئەندامی دەستەی وانەوتنەوە و پابەندبوونی بە جێبەجێکردنی یاسا و ڕێنماییەکان دەستەبەر دەکرێت. هاوکات خودی دامەزراوەی زانکۆ، ڕێکخراوە پیشەییەکان، دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە، دەزگاکانی پارەدارکردنی توێژینەوە و ئەوانی دیکە کە پەیوەندییان بە دەستەبەرکردنی دەسپاکی لە بواری توێژینەوە و پرۆسەی فێربوون هەیە دەبێت پاڵپشتی پاراستنی بنەماکانی دەسپاکی ئەکادیمی بن.

**(٢)** گرنگیدان بە پسپۆڕی زانستی و چەسپاندنی: ئەندامی دەستەی وانەوتنەوە گرنگی بە پسپۆڕی زانستیی گشتیی و وردی خۆی دەدات، بۆ ئەوەی ئەمانەی خوارەوە ئەنجام بدرێن:

أ- پسپۆڕی گشتیی بەپێی خوێندنی بەرایی زانکۆیی (بەکالۆریۆس) دیاری دەکرێت، لەکاتێکدا پسپۆڕی وردی لەژێر ڕۆشنایی ناونیشان و بابەتی ماستەرنامەکەی و تێزی دکتۆراکەی دیاری دەکرێت، بەمەرجێك هەردووکیان پەیوەندییەکی نزیك و ڕاستەوخۆیان لەگەڵ ئەو بەشە زانستییەی کە لە کاتی خوێندنی بەرایی زانکۆدا لێی دەرچووە هەبێت و پابەندن بوون بە هەموو شتێك کە پەرە بە پسپۆڕی زانستی دەدات و قووڵکردنەوەی لە چوارچێوەی توێژینەوەی زانستییدا، هەڵسەنگاندنی، وانەوتنەوەی لە زانکۆدا و هەڵبژاردنی بابەتەکانی ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا و سەرپەرشتیکردن و هەڵسەنگاندنیان بە شێوەیەکی زانستی.

ب- پسپۆڕی زانستیی ورد بەپێی ئەو گۆڕاوە سەربەخۆیەی کە لە ناونیشان و ناساندنی ماستەرنامە یان تێزی دکتۆرای ئەندامی دەستەی وانەوتنەوەدا دیاری دەکرێت، بەجۆرێك لیژنەی زانستی لە بەشی زانستییدا کار بۆ پێشکەشکردنی ڕاوێژکاریی ئەکادیمی و هاوکاری ڕەوا بۆ ئەو ئەندامی دەستەی وانەبێژی فاکەڵتی (کۆلێژ) دەکات بە مەبەستی هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکەی یان لێکۆڵینەوەکەی کە وابەستی تۆمارکردنە و دڵنیابوون لە گونجاویەکەی پشتڕاست بکاتەوە بە پسپۆڕی زانستی وردی خۆی و جێبەجێکردنی مەرجەکانی جۆرباشی (کوالێتی) ئەکادیمی، ئەو توێژینەوانەی پێشکەش دەکرێن بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی دەبێت لەگەڵ خودی گۆڕاوە سەربەخۆکەدا بگونجێت بە مەبەستی بەردەوامبوونی ئەندامی دەستەی وانەوتنەوە لە پێشخستنی پسپۆڕییە زانستییەکەی بە شێوەیەکی قووڵ و دەستەبەرکردنی دەرفەت بۆی بۆ فراوانکردنی توێژینەوەکانی یان پرۆژە توێژینەوەی بەناویەکداچووەکان (نێوان-بوارییەکان) ئەگەر پاساوی زانستی و بابەتیی بخاتەڕوو کە لەلایەن لیژنەی زانستییەوە پاڵپشتی دەکرێن هەروەها پاڵپشتی بکات بە بڵاوکردنەوەی توێژینەوەکە لە یەکێک لە گۆڤارە ئەکادیمییە ڕەسەن و بەناوبانگەکان بەپێی ڕێنماییەکانی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی کە لە وەزارەتەوە دەردەچێت.

**(٣)** پاراستنی نهێنی: پابەند بوون بە پاراستنی نهێنیەکانی ئەنجامی هەڵسەنگاندنی زانستی، پاراستنی ئەو داتا و ئەنجامانەی لە چوارچێوەی توێژینەوەی زانستییدا بەدەستهاتوون، هەروەها پاراستنی بەراییەکانی لیژنە زانستییەکان و لیژنەکانی تاقیکردنەوە و نهێنی ئەنجامەکانیان و بەڵگەنامەکان و پاراستنیان لە لەناچوون و پشتگوێخستنیان لە ئاستی خوێندنی بەرایی و باڵادا.

**(٤)** هەستکردن بە بەرپرسیارێتی ئەکادیمی: بەرزکردنەوەی هەستی بەرپرسیارێتی تاکەکەسی و هاودەنگی بەکۆمەڵ سەبارەت بە گرنگی سیستەمی فێرکردن و دەستەبەرکردنی پاراستنی و گەیشتن بە ئامانجەکانی و ئەوپەڕی گرنگیدان بە ناوبانگی زانکۆ و دامەزراوە ئەکادیمیەکان و ئامانجەکانی و ئاگادارکردنەوەی سەرۆکی زانکۆ و ئەوانەی پەیوەندییان بە هەر پێشێلکارییەکی یاسا و ڕێنمایە بەرکارەکان یان ئەم ڕێکارە یان هەر هەوڵێك بۆ زیانگەیاندن بە سیستەمی فێرکاری بە تەواوی یان بە بەشێکی بە ئامانجی گەیشتن بە بەرژەوەندییەکی کەسیی یان بەرژەوەندی کەسانی دیکە هەیە.

**(٥)** پێگەیاندنی ئەکادیمی بەردەوام: ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە بەرپرسیارن لە بەدواداچوونی کارکردن بە حوکمەکانی ئەم ڕێکارە و جێبەجێکردنی بەها و پێوەرە زانستییەکان لە هەڵسوکەوت و چالاکییە زانستییەکانیاندا، هەروەها هەڵگرانی نازناوی پرۆفیسۆر و پرۆفیسۆری یاریدەدەر بەرپرسیارن لە گواستنەوەی ئەزموون و شارەزاییە کەسییەکانیان و باشترین ڕەفتار و ئاکاری ئەکادیمی بۆ ئەندامانی تری دەستەی وانەوتنەوە یان قوتابی/ خوێندکارەکان لە کاتێکی زوودا لە فێرکردنی ئەکادیمی و ڕاهێنانی زانستییدا، و لە هەمان کاتیشدا ئەندامانی دەستەی وانەتنەوە یارمەتی یەکتر دەدەن لە پەرەپێدانی بەردەوامی پرۆسەی خوێندن و پێگەیاندنی ئەکادیمی قوتابیان/خوێندکارانی خوێندنی بەرایی و باڵا.

**(٦)** سەربەخۆیی ئەکادیمی: دامەزراوەی زانکۆیی کەمپێکی سەربەخۆ و پارێزراوە، هەروەها سەربەخۆیی چالاکییە فێرکاری و توێژینەوەکانی لەسەر بنەمای بەرجەستە لە پیشەییبوون و قووڵکردنەوەی پسپۆڕیی زانستی و ئازادی بیرکردنەوە و ئازادی توێژینەوەی زانستی دادەڕێژێت. دامەزراوەی زانکۆیی ملکەچی ئاراستەی حزبی و بەرنامەی سیاسی و پەیوەندییە ئایدیۆلۆژییەکان نییە و ئەو ئاراستە و ڕێکخراوانە هیچ دەسەڵاتێکیان بەسەر دامەزراوەی زانکۆییدا نییە.

**(٧)** متمانەی ئەکادیمی: هۆشیاری و دانپێدانان بە لێهاتوویی ئەکادیمی ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە یان قوتابیان/خوێندکاران یاخود فەرمانبەران لە دامەزراوەی زانکۆیی، بەجۆرێک دەرفەت بڕەخسێنرێت بۆ پەرەپێدانی شارەزایی و کارامەییەکان و بڵاوکردنەوە و ئاڵوگۆڕکردنی بیرۆکەی داهێنەرانە لە ناو ژینگەی زانکۆدا لەگەڵ ڕەخساندنی زەمینەی ئازادی بیرکردنەوە و هەڵسەنگاندنی ژیرانە و ئازادی ڕادەربڕین و ئاڵوگۆڕی ئازاد و بنیاتنەری بیرۆکە و بەرهەمە زانستییەکانی بەبێ ترس لە دزینیان یان خراپ بەکارهێنانیان یان زیان گەیاندن بە خاوەنەکانیان.

**ماددەی (٤): پێوەری ئیتیکی توێژینەوەی زانستی بریتیە لە:**

**یەکەم: بنەما بنچینەییەکانی ئیتیکی توێژینەوەی زانستی**

ئیتیکی توێژینەوەی زانستی پێویستی بە ڕێزگرتن لە ماف و بیرورا و شکۆمەندی کەسانی تر هەیە، چ هاوکارانی توێژینەوە، یان بەشداربووانی توێژینەوە یان ئامانجی توێژینەوە بن. لە ئیتیکی توێژینەوەی زانستی بە گشتی دوو بنەما پەیرەو دەکرێن کە بریتین لە "کاری ئەرێنی" و "خۆبەدوورگرتن لە زیانپێگەیاندن". پێویستە ئەم دوو بنەمایە ببنە کۆڵەگەکانی ڕەچاوکردنی ئیتیک و دەسپاکی. دەبێت لە کاتی پرۆسەی ئەنجامدانی توێژینەوەدا هەڵسوکەوتی ئیتیک ڕەچاو بکرێت وەکو: ڕاستگۆیی، شارەزایی، سەلامەتی، متمانە، پەسەندکردن، پاشەکشە، تۆمارکردنی دیجیتاڵ، کاردانەوە، خستنەڕووی گریمانەی هەڵە، ڕەچاوکردنی هەستی بەرامبەر، سوود وەرگرتن لە بارودۆخەکان و پاراستنی نهێنی و زانیاری نەناسراو.

**دووەم: بنەما ئیتیکیەکانی پەیوەست بە کردارەکانی توێژینەوەی زانستی**

**(١) پابەندبوون بە ئیتیک لە هەموو قۆناغەکانی پرۆسەی توێژینەوە:**

أ. هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوە: ئامانجی کارەکە بۆ خولقاندنی جیهانێکی باشتر بێت و نابێت بۆ مەبەستی زیانگەیاندن بە مرۆڤ و ژینگە بەکار بهێنرێت.

ب. دیاریکردنی بوارەکانی توێژینەوە پەیوەندیدار بێت بە پێداویستییە نیشتیمانیەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق.

ج. نەخشەسازی توێژینەوە: هیچ پرۆژە و نەخشەیەکی توێژینەوە دەستپێناکات هەتا هەموو لایەنە ئیتیکیە گرنگەکانی تاوتوێ نەکرابێت و گفتوگۆی لەسەر نەکرابێت لەلایەن لێژنە زانستی و تایبەتمەندەکانی پەسەندکردنی لایەنی ئیتیکی توێژینەوە لە سەر ئاستی کۆلێج و بەشە زانستییەکانی زانکۆ.

د. جێبەجێکردنی توێژینەوە: بەدواداچوونی ئەگەری جێبەجێکردنی ڕێوشوێنەکانی ئیتیکی لە پلانی هەر توێژینەوەیەکدا بپارێزرێت.

**(٢) سەبارەت بە تیمی توێژینەوەکە:** توێژەر دەبێت:

أ. لێهاتوو بێت و ئاستێکی بەرزی شارەزایی و پسپۆڕی زانستی هەبێت بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە.

ب. زانیاری تەواوی لەسەر بابەتە زانستییەکانی توێژینەوەکە هەبێت.

ج. پابەند بێت بە بنەما زانستی و ڕێبازەکانی لە هەموو قۆناغەکانی توێژینەوەی زانستییدا.

د. توێژەر دڵنیا بووبێتەوە کە توێژینەوەکە لە هەموو قۆناغەکاندا ئەنجام دەدرێت.

ه. لێکۆڵینەوەیەکی گشتگیری لەبەردەست بێت لەسەر ئەو مەترسی و بارگرانیانەی کە تاك یان کۆمەڵە کەسێک ڕووبەڕووی دەبنەوە و بەراوردیان بکات لەگەڵ ئەو سوودە چاوەڕوانکراوانەی کە لە توێژینەوەکە بەدەست دێن.

**سێیەم: بنەمای ڕێبازەکانی ئێتیک لە توێژینەوەی زانستی:**

لەسەر ئەندامی دەستەی وانەوتنەوە وەك توێژەری زانستی، پێویستە ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوەی هەبێت:

١. ویست و ئارەزووی بە دواداچوون بۆ زانست وەک هاندانێکی بەهێز بۆ گەیشتن بە ڕاستییەکان.

٢. ڕوونی بیرکردنەوە کە دەبێتە هۆکاری بەهێزکردنی توانای تێبینیکردن و وردبینی و پێشبینیکردن.

٣. ئارامگرتن و کۆششکردن کە یارمەتیدەرە بۆ خۆڕاگری لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو کۆسپ و تەگەرەکان، تەنانەت ئەگەر دووبارە ببنەوە.

٤. ڕاستگۆیی دەروونی بۆ دڵنیابوون لە دروستی کار و دروستی ئەنجامەکانی.

٥. خەملاندن و خەیاڵ ڕێگایەکن بۆ دروستکردنی بیرۆکە و بیرکردنەوە.

٦. خوێندنەوەی هۆشیارانە هۆکارێکی پێویستە بۆ بە فێربوونەدانی کات بۆ ئەوەی توێژەر بە زوویی بتوانێت زانیاری بەدەست بهێنێت.

٧. ئاشنابوون بە یاساکانی زانست کۆڵەکەیەکی بنەڕەتیە کە توێژەر داڕشتەی بیر و هزری خۆی پێ هەڵدەسەنگێنێت.

٨. شارەزایی زمان یارمەتی توێژەر دەدات بۆ دەربڕین و تێگەیشتن لە گشت قۆناغەکانی پرۆسەی ئەنجامدانی توێژینەوە.

٩. پێشخستنی هەستی پێشبڕکێ کە سوودبەخشە لە گەڕان بەدوای ڕاستی و ئاڵوگۆڕی بیروڕا لە نێوان توێژەراندا، ئاراستەکردنی سەرنجی توێژەر بۆ گۆشەکانی تری بابەتەکە و پێشکەشکردنی پێشنیاری بەسوود.

١٠. ئاراستەکردنی توێژینەوە بۆ ئەو بابەتانەی کە سوود بە زانین و کۆمەڵگا و مرۆڤایەتی دەگەیەنن وەك پابەندێکی ئێتیکی بنەڕەتی.

١١. لە کۆکردنەوەی داتا و دەرئەنجامەکانی ڕووپێوی، دەبێت وردی و ڕاستگۆیی لەبەرچاو بگیرێت و بەتەواوی خۆی لە پێشنیاری وەڵامدەر بەدوور بگرێت.

١٢. توێژەر پێویستە هەموو وردەکاری و دەرەنجامە بەراییەکان بە تەواوی تۆمار بکات و وێنەیەکی کۆپی دەرەنجامەکان و بەراییەکان هەڵبگرێت و ئەرشیف بکرێت و ئامادە بکرێت بۆ هەر وردبینییەک کە لە ماوەی پێنج ساڵ پاش ئەنجامدانی توێژینەوەکە بێ کەم و کوڕی بمێنێتەوە.

١٣. ئەندامی دەستەی وانەوتنەوە ئەگەر پرۆژەی زانستی هاوبەش ئەنجام بدات، پێویستە سەرجەم بەشداربووان شێواز و ڕۆڵی زانستی و چۆنیەتی کارەکانیان تۆمار بکەن بە جۆرێک هەر کاتێک پێویست بێت وردبینی بۆ بکرێت.

١٤. ئەندامی دەستەی وانەوتنەوە دەبێت توێژینەوەی نایاب بڵاوبکاتەوە و بەردەوام هاوبەشی بکات لە نێوەندە ئەکادیمییەکان بۆ سوود گەیاندن.

١٥. ئەندامی دەستەی وانەوتنەوە دەبێت دڵنیا بێت لەوەی کە توێژینەوەکەی تایبەتمەندی خۆی هەیە بۆ ئەوەی ڕەنگدانەوەی هزر و فەلسەفە و ڕوانینەکانی لە بواری پسپۆڕی زانستی خۆی بکات.

**چوارەم: دەسپاکی ئەکادیمی لە توێژینەوەی زانستی:**

١. دەسپاکی ئەکادیمی لە جێبەجێکردنی توێژینەوە و بڵاوکراوەکان بە شێوەیەك توێژەر خۆی ناخاتە پاڵ بیرۆکەیەك مەگەر تەنها هاوتا بێت بۆ بۆچوون و کاری توێژەرەکە خۆی، بەڵکو دەبێت بری سوود وەرگرتن لە کەسانی تر زانراو و دیاریکراو بێت و پێویستی بە ئاماژەکردن بە سەرچاوە زانستییەکە هەیە بۆ خۆپاراستن لە تێوەگلان لە نەخوازراوە ئیتیکیەکان.

٢. لە وەرگرتنی زانستییدا دەبێت سەرچاوەکە دیاریکراو و ڕوون بێت و سەبارەت بە دەق وەرگرتنەکە پێویستە توێژەر لێی هۆشیار و وریا بێت، بۆ ئەوەی هیچ ناڕوونییەکی تێدا نەمێنێت.

٣. دەبێت دەرخستە و داتاکان بە پارێزراوی و بە وردی کۆبکرێتەوە و شیبکرێتەوە و ڕاڤە بکرێت بەبێ لایەنگیری لەلایەن توێژەر.

٤. دەبێت داتاکان بە شێوەیەکی ڕوون پێشکەش بکرێن و توێژینەوەکە بە ووردەکاریی تەواو بنووسرێت بۆ ئەوەی توێژەرانی دیکە بتوانن تاقیکردنەوەکان دووبارە بکەنەوە و ئەنجامەکان بسەلمێنن. ئەگەر هەر ئەنجامێک نەسەلمێندرا پێویستە توێژەر ڕوونکردنەوەی زانستی بدات بە لیژنەی هەڵسەنگاندن، بە پێچەوانەوە لێپێچینەوە بکرێت تا دەگاتە ئاستی کشانەوەی توێژینەوەکە.

**پێنجەم: ئیتیکی ئەندامی دەستەی وانەوتنەوە لە کاتی سەرپەرشتیکردنی زانستی قوتابی/خوێندکار:**

١. دەبێت پابەند بێت بە ئاکاری زانستی، چونکە ئەو نموونەیەکی هەمیشەییە لەبەردەم قوتابی/خوێندکار.

٢. دەبێت قوتابی/خوێندکار ڕابهێنێت لەسەر پەیڕەوکردنی میتۆدی زانستی لەگەیشتن بە ئەنجامەکان و چۆنیەتی پەرەپێدانی کارامەیی زانستی و ئەکادیمی.

٣. مامۆستا بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکانی خۆی یان بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی، نابێت بەبێ ئاماژەکردن بە ڕۆڵ و هەوڵەکانی قوتابی/خوێندکارەکانی ئەنجامەکانیان بەکار بهێنێت.

٤. پابەندبوون بە کاتی تەرخانکراو بۆ سەرپەرشتیکردنی زانستی لە بەرژەوەندی قوتابی/خوێندکارەکان.

٥. ئاراستەکردنی قوتابی/خوێندکارەکانی سەبارەت بە سەرچاوەکانی زانیاری و خوێندن، هەروەها تۆمارکردنی سەرجەم دەرئەنجامە بەراییەکانی توێژینەوەکان لە کاتی خۆیدا و هەڵگرتنی تا ماوەی پێویست.

٦. بەدواداچوون بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکی قوتابی/خوێندکار بکات.

٧. پەرەپێدانی تواناکانی بیرکردنەوەی لۆژیکی لەنێو قوتابی/خوێندکاراندا و پەسندکردنی گەیشتن بە ئەنجامە سەربەخۆکان لەسەر بنەمای ئەم بیرکردنەوەیە.

٨. ڕێزگرتن لە توانای قوتابی/خوێندکار بۆ بیرکردنەوەی سەربەخۆ و ڕێزگرتن لە بیروڕای لەسەر بنەمای دیاریکراو و ئازادی بۆچوونەکەی و هاندانی بۆ دەرخستنی کەسایەتی زانستی خۆی لە توێژینەوەدا.

٩. ڕێگەدان بە گفتوگۆ و ڕەخنە و بۆچوونی جیاواز بەپێی بنەماکانی گفتوگۆی بنیاتنەر و بەپێی ئەتەکێتی ئەکادیمی، کە لە نێو وانەیەکی زانستی تەرخانکراو دیار دەکرێت بە مەبەستی فێرکردنی بنەماکانی توێژینەوەی زانستی و هەنگاوەکانی.

١٠. هاندانی قوتابی/خوێندکاران بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوبەش بە مەبەستی ئەوەی هەر یەکەیان بە بەشێك بەشداری توێژینەوەکە بکات کە ئەمەش هانی گیانی پێکەوەیی دەدات لە توێژینەوەی زانستی لەنێو قوتابی/خوێندکاراندا.

**شەشەم: ڕێوشوێنی پێویست بۆ خۆ بەدوورگرتن:**

١. خۆبەدوورگرتن لە ناکۆکی لەکاتی ئەنجامدانی توێژینەوە بۆ دڵنیابوون و دەستەبەرکردنی بابەتگەری و دادپەروەری و شەفافییەت.
٢. تیمی توێژینەوە نابێت سەرچاوە داراییەکان و تواناکانی بەردەست بەکار بهێنن تەنها بۆ جێبەجێ کردنی بڕگەکانی بودجە و خەرجکردنی پارەی تەرخانکراو.
٣. پێویستە کەسانی پەیوەندیدار بە دامەزراوە بەخشەر و پاڵپشتیکەر و پشتگیریکەرانی دارایی پرۆژەی توێژینەوەکە دوور بخرێنەوە بۆ دڵنیابوون و دەستەبەرکردنی دەسپاکی لە تەواوکاری و بابەتی توێژینەوەکە.
٤. هەڵسەنگێنەرانی توێژینەوە لایەنی پەیوەندیدار ئاگادار دەکاتەوە لەو توێژەرانەی کە پەیوەندییان یان بەرژەوەندییان لەگەڵ سەرچاوە داراییەکە هەیە.

**حەوتەم: پابەندییەکان و مەرجەکانی پارەدارکردنی توێژینەوەکان:**

١. نابێت پێدانی پشتگیری دارایی مەرجدار بێت بە شێوازێك کە پێچەوانەی پابەندییەکانی توێژینەوەی زانستی بێت.
٢. توێژینەوەکە دەبێت بە شێوەیەکی زانستی و ڕێبازی توێژینەوەیی دروست ئەنجام بدرێت و لایەنی پاڵپشتیکەر نابێت هیچ دەستێوەردانێکی هەبێت لە ئەنجامی توێژینەوەکە یان شێوازی ئەنجامدانی.
٣. سەرچاوەی پارە نابێت گومانی نایاسایی لەسەر بێت.
٤. هەنگاوەکان و قۆناغەکانی کاری توێژینەوە نابێت کاریگەر یان کارلێکراو بێت بەلایەنی دابینکاری دارایی یان لایەنی پاڵپشتیکار و پێشکەشکاری دیارییەکان.
٥. نابێت ناوەندە ئەکادیمییەکە بکەوێتە ژێر فشاری سەرچاوەی پارەدارەکە.

**هەشتەم: مەترسییەکانی دەوروبەری توێژینەوەی پاراو**

زۆر مەترسی هەن کە دەوری توێژینەوەی پاراو دەدەن سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشە زانستییەکان و مەترسیەکان ئەمانەی خوارەوە لەخۆ دەگرن:

**١. ئەنجامە پێنەگەیشتووەکان:**

توێژەری ووردبین ئەوەی لە هزریدا هەیە ڕاناگەیەنێت تاوەکو هەموو گریمانەکان تاقی نەکاتەوە بۆ گەیشتن بە بەڵگەی یەکلاکەرەوە.

**٢. پشتگوێ خستنی بەڵگەی پێچەوانە:**

ئامانجی لێکۆڵینەوە زانستییەکان بردنەوەی گفتوگۆ نییە بەڵکو ئامانجیان دۆزینەوەی ڕاستییە، بۆیە دەبێت بەڵگەی پێچەوانە هەمان قورسایی بەڵگەی پاڵپشتیکەریان پێبدرێت، تەنانەت ئەگەر پێچەوانەی گریمانە سەرەتاییەکانیش بێت.

**٣. خووی بیرکردنەوە لە سنووری دیاریکراودا:**

پێویستە توێژەر هەموو هەوڵێك بدات بۆ دوورکەوتنەوە لە مۆدێلی بیرکردنەوەی چەقبەستوو و هانی دروستکردنی خووی ڕەسەنایەتی لە بیرکردنەوەدا بدات.

**٤. توێژەر ناتوانێت هەموو راستییەکانی پەیوەست بە کێشەکە بەدەست بهێنێت:**

توێژەر بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی دروست پێویستە ئەنجامەکان لەسەر بنەمای بەڵگەی تەواو بنیات بنێن.

**٥. ناووردبینی لە تێڕوانین:**

پێویستە توێژەر بۆ دڵنیابوون لە هەموو ئەو دەرئەنجامانەی تێبینی کردوون، ئەو تاقیکردنەوانە دووبارە بکاتەوە کە کردوویەتی، هەروەها هیچ کارەکتەرێک پشتگوێ نەخات.

## بەشی دووەم

## ئامانجە گشتییەکان و مەودای رێکار

**لقی یەکەم- ئامانجە گشتیەکان:**

**ماددەی (٥):** ئەم رێکارە بە مەبەستی دیاریکردنی ئامانجە گشتییەکان و نموونەی رەوشت دەرکراوە کە دەبێت ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە لە پرۆسەی فێرکردن و توێژینەوە و بڵاوکراوە ئەکادیمییەکان و چالاکییە زانستییەکاندا پەیڕەوی بکەن، هەروەها دیاریکردنی ئەرك و بەرپرسیارێتیەکانی لیژنەی باڵا و لیژنە ناوەندییەکان لە بەدواداچوون بۆ رێساکانی رەفتار و ئاکاری لەناو زانکۆدا، ئەم ئامانجانە لەمانەی خوارەوەدا بەرجەستە دەکرێن:

**(١)** چەسپاندنی پێوەرە پیشەییەکان بۆ باشترین رەفتارە ئەکادیمییەکان و بنەما و بەها ئاکارییە نمونەییەکانی ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە و بەرزکردنەوە و پتەوکردنی پابەندبوون پێیەوە و چەسپاندنی بنەماکانی کردە ئاکارییەکان و حوکمڕانی باش، بە بەرزکردنەوەی وریایی و زانیاری ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە و ئاراستەکردنیان بەرەو ئاکاری پیشەیی دروست و چوارچێوەیکردنی خودرێکخستن کە رەوتی کارکردن لە زانکۆدا بەڕێوەدەبات کە گونجاو بن لەگەڵ یاسا کارپێکراوەکان لە میانی  روونکردنەوەی ئەرك و بەرپرسیارێتی کارەکانیان.

**(٢)** پەرەپێدانی سیستەمی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستان لە ژێر رۆشنایی بڕیارەکانی کۆنفرانسە زانستییە نێودەوڵەتییە تایبەتمەندەکان کە تایبەت بەو مەبەستە بەڕێوەدەچن و پاراستنی سیستەمی فێرکردن و توێژینەوە و چاودێریکردنی بەجێهێنانی بەشێوەیەکی بەردەوام و رێگریکردن لە هەوڵەکانی زیانگەیاندن پێی یان گۆڕینی بۆ بەرژەوەندی کەسی یان کۆمەڵێك و هەر کارێک کە لەگەڵ ئامانجە باڵاکانی وەزارەتدا ناکۆکە.

**(٣)** دەستەبەرکردنی پابەندبوون بە رێساکانی رەفتاری زانستی و باشترین ئاکاری ئەکادیمی و جێگیرکردنیان لە کۆمەڵگەی زانکۆییدا وەك بنەمای پرۆسەی خوێندن و توێژینەوە لە دامەزراوە زانکۆییەکاندا.

**(٤)** پابەندبوون بە پسپۆڕی زانستی گشتی و ورد و دەستەبەرکردنی چەسپاندن و قووڵبوونەوەی لە کۆمەڵگەی زانکۆییدا.

**لقی دووەم- مەودای رێکار:**

**ماددەی (٦):** بازنەی ئەم رێکارە ئەرکەکانی ئەندامی دەستەی وانەوتنەوە دەگرێتەوە، کە بەم ئاستانە دابەش دەکرێن:

**یەکەم- ئاستی گشتی ئەرکەکانی ئەندامی دەستەی وانەوتنەوە:-**

**(١)** کاتی دەوامی فەرمی بۆ راپەڕاندنی ئەرك و کاری پیشەکەی تەرخان بکات و بەشداری هیچ چالاکی و رەفتارێك نەکات کە لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی دامەزراوەی زانکۆ و ئامانجەکانی وەزارەت ناکۆك بێت.

(٢) هەوڵدانی بەردەوام بۆ باشترکردنی کارامەیی کەسی خۆی، پەرەپێدانی توانا پیشەییەکانی و ئاگاداربوون لە دوایین پێشهاتەکانی پسپۆڕی زانستی گشتی یان تایبەت و پێشکەشکردنی پێشنیارەکان کە ئاستی بەجێگەیاندنی کارکردن لە یەکەی کارگێڕی یان بەشی زانستیدا باشتر بکات کە تێیدا کار دەکات.

(٣) خۆبەدوورگرتن لە هەر کردەوەیەك یان کارێك کە زیان بە ناوبانگی کەسی یان ئاکاری گشتی و ڕەفتاری باش بگەیەنێت، جا ئەو کردەوە و کردارانە لە ناوەوە یان دەرەوەی دامەزراوە زانکۆییەکەدا بکرێن.

(٤) خۆبەدوورگرتن لە سوکایەتیکردن بە بیروباوەڕی ئایینی و فرەیی کولتووری ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە یان بۆچوونی سیاسی و ئایدیۆلۆژیی ئەوانی دیکە لە ناو زانکۆ یان دەرەوەی زانکۆ، یان هاندان بۆ سوکایەتی پێکردنیان.

(٥) پتەوکردنی پەیوەندی نێوان زانکۆکەی و زانکۆ و پەیمانگا و دامەزراوە زانستییەکانی تر لەسەر ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتی.

(٦) پابەندبوون بە شێوازە یاساییەکان لە سکاڵاکردن لە هەر ستەمێك کە بەرامبەری بکرێت.

(٧) پاراستنی ئاستێکی بەرزی شارەزایی لە پسپۆڕییە زانستییەکەی و پابەندبوون پێیەوە، لە هەمان کاتدا ئەوپەڕی گرنگیدان بە ڕاستی و دروستی ناوەڕۆکی بابەتی خوێندن یان توێژینەوەکە و نوێگەرایەتی لە چوارچێوەی ئەنجامدانی ئەرکە زانستی یان کارگێڕییەکانیدا.

(٨) ئاشکرانەکردنی نهێنی ئەو زانیاری و بەڵگەنامانەی کە بەپێی یاسا خاوەنییەتی یان لە کاتی ئەنجامدانی کارەکانیدا دەستی پێگەیشتووە، چ بە نووسراو، یان زارەکی یان ئەلیکترۆنی، بەتایبەتی ئەوانەی کە پاراستنی نهێنیەکانیان بە یاسا دەرچووە یان بە بڕیاری تایبەت.

(٩) خۆبەدوورگرتن لە هەر سەرنجێك، لێدوانێك یان دەستێوەردانێك چ بە نووسراو یان زارەکی پەیوەست بەو بابەتانەی کە هێشتا لە قۆناغی خوێندن یان وردبینیدان لە زانکۆ یان وەزارەت.

(١٠) پاراستنی بەرژەوەندی وەزارەت و دامەزراوە زانکۆییەکان و موڵک و ماڵی ئەوان و دەستبەردار نەبوونی هیچ مافێکیان و ئاگادارکردنەوەی سەرۆکی ڕاستەوخۆی خۆی لە هەر پێشێلکارییەك بۆ سەر سامانی گشتی یان بەرژەوەندی گشتی وەزارەت یان زانکۆ و هەر کەمتەرخەمییەك یان ڕەفتارێک کە زیان بە بەرژەوەندییەکانی بگەیەنێت.

(١١) بەکارنەهێنانی پارە و موڵکی زانکۆ و وەزارەت و دامەزراوە زانکۆییەکان بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی کەسی یان بۆ برەودان بۆ بەبازارکردنی کەلوپەل یان سوود بۆ کەسانی تر.

**دووەم: ئاستی تایبەت بە توێژینەوەی زانستی و بڵاوکردنەوەی ئەکادیمی:-**

(١) هەرکەسێک بەشدارییەکی بنەڕەتی لە ناوەڕۆکی بڵاوکراوەیەکی زانستیدا کردبێت بەجۆرێك کە ئەم بەشدارییە پشتڕاست بکرێتەوە، بە نووسەر هەژمار دەکرێت و هەموو نووسەران بەرپرسیارێتی هاوبەشیان لە ئەستۆدایە لە بڵاوکردنەوەی زانستی خۆیان مەگەر بە پێچەوانەوە ئاماژەیان پێ نەکرابێت. ناوی بەشداربووانی بڵاوکراوەی زانستی لە قۆناغێکی سەرەتایی پرۆژەکەدا دیاری دەکرێن و ناوەکانیان بەپێی پێوەرەکانی ناونیشانی زانستی و پێشینە لە خاوەندارێتیدا دەنووسرێت، هەروەها ڕێگەپێدراو نییە توێژەرێك بەشداری پێبکرێت ناوی بنووسرێت یان پێگەی نووسەری پێبدرێت بەبێ بەشداری ڕاستەقینە.

(٢) پابەندبوون بە ڕێکارە ئاکارییەکان و میتۆدی زانستی و پسپۆڕی زانستی لە کاتی ئامادەکردنی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکان و چالاکییە زانستییەکان و پرۆژەکانی توێژینەوە بە مەبەستی بەدەستهێنانی نازناوی زانستی یان بەرزکردنەوەی پلەی زانستی.

(٣) پابەندبوون بە ڕێکارە ئاکارییەکان لە کاتی ئامادەکردنی ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا، توێژینەوە و بڵاوکراوەکان و پرۆژەی توێژینەوەی زانستی بە درێژایی ماوەی دەستکەوتی ئەکادیمی دیاریکراو و کارکردن لە زانکۆ و دامەزراوە زانکۆییەکاندا.

(٤) پابەندبوون بە ڕێکارە ئاکارییەکان لە کاتی بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوە زانستیەکان لە گۆڤارە ئەکادیمییەکان و نا ئەکادیمییەکان و هەموو میدیای چاپ و بینراو و دەنگیی لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێمی کوردستان.

(٥) دوورکەوتنەوە لە ئەنجامدانی پێشێلکاری ئاکاری لەکاتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی زانستی و بڵاوکردنەوەی ئەنجامەکانیان لە چوارچێوەی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە زانستییەکاندا.

(٦) پابەندبوون بە بەرزترین پێوەری کوالێتی تەکنیکی و زانستی لە هەموو قۆناغەکانی پرۆسەی توێژینەوەکەدا بەپێی هەر پسپۆڕییەکی زانستی، لە کۆکردنەوە و بەڵگەنامەکردنی داتاکانەوە دەستپێدەکات تا قۆناغی بڵاوکردنەوەی ئەنجامەکان و توێژینەوەکان بە شێوەی کۆتایی. ئەگەر هەڵەی زانستی یان تەکنیکی یان کێشەی پەیوەندیدار بە ئەنجامە بڵاوکراوەکانەوە دۆزرایەوە، دەبێت دەستبەجێ ڕاست بکرێتەوە.

(٧) ئەگەر پرۆژەی توێژینەوە یان لێکۆڵینەوە پرۆژەیەکی هاوبەش بێت، پێویستە ڕۆڵ و بەرپرسیارێتیەکان بۆ ئەندامانی تیمی توێژینەوەکە روون بێت بە درێژایی ماوەی خودی پرۆژەکە، بەجۆرێك کە بەپێی پێویست دیاریبکرێت و نوێبکرێتەوە و سەرۆکی بەشی زانستی دەبێت ئاگاداربکرێتەوە لە هەر گۆڕانکارییەك کە بەسەریاندا دێت، بەتایبەتی کاتێك ئەرکەکان یان بەرپرسیاریەتیەکانیان لە پرۆژەکە دەگۆڕدرێن.

(٨) لەکاتی پلاندانان بۆ پرۆژەیەکی توێژینەوە یان لێکۆڵینەوە، ئەندامی دەستەی وانەوتنەوە دەبێت ئەمانەی خوارەوە لەبەرچاو بگرێت:

أ. ناونیشان و بابەت و بەشداربووانی پرۆژەکە دەبێت لە لیژنەی زانستی بەش تۆمارکرابن.

ب. بابەتی توێژینەوەکە یان لێکۆڵینەوەکە دەبێت لە چوارچێوەی پسپۆڕی زانستی ورد یان گشتی خۆیدا بێت ئەگەر بە مەبەستی پلە بەرزکردنەوەی زانستی بوو.

ج. ئەنجامدانی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی گشتگیر لەو توێژینەوانەی بە کردەوە بڵاوکراونەتەوە راستەوخۆ پەیوەندارن بە بابەتی توێژینەوەکە یان لێکۆڵینەوەکە، هەروەها دانانی بە بەشدارییەکانی پێشوو، ئەگەر هەبن لەکاتی تۆمارکردنی ناونیشانی توێژینەوەکە یان لێکۆڵینەوەکە لە چوارچێوەی هەر بڵاوکردنەوەیەکی ئەکادیمییدا.

(٩) پابەندبوون بەو ماف و ئەرکانەی کە لە یاسا و ڕێنمایە بەرکارەکان سەرچاوە دەگرن، لەوانەش وەرگرتنی ڕەزامەندی نووسراو و پابەندبوون بە مەرجەکانی گرێبەست لەگەڵ دەزگای بڵاوکردنەوە لە ئەگەری بڵاوکردنەوە یان دووبارە بڵاوکردنەوەی بەرهەمە زانستییەکە.

(١٠) هاندانی ئەندامی دەستەی وانەوتنەوە، توێژەر، قوتابی/خوێندکار، کە زانکۆ لە ئەنجامی توێژینەوەکانی خۆی ئاگادار بکاتەوە، ئەگەر بۆی دەرکەوت کە جێبەجێکردنی دوولایەنەی هەیە (شارستانی و سەربازی) یان ئەنجامەکانی پەیوەندیی نزیکیان بە ئاسایشی کۆمەڵگا و تەندروستی گشتییەوە هەیە، جا چ لەکاتی توێژینەوەکە یان دوای گەیشتن بە ئەنجامەکانی.

(١١) لە ئەگەری هەبوونی هەر گومانێک سەبارەت بە ڕەوایی بەشداریکردنی توێژەر یان قوتابی/خوێندکار لە توێژینەوەی زانستی هاوبەشدا لەگەڵ توێژەرانی دەرەوەی زانکۆ یان هەرێمی کوردستان، توێژەر یان قوتابی/خوێندکار پابەندە بە پێشکەشکردنی بەڵگەنامەیەکی نووسراو کە بەشداری ڕاستەقینەی خۆی لە توێژینەوەکەدا بسەلمێنێت، کە دەبێت لە لایەن لیژنەی زانستی بەشی پەیوەندیدار ڕەزامەندی پێبدرێت. هەروەها

پێشکەشکردنی توێژینەوەکەش قەدەغە دەکرێت بەمەبەستی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی ئەگەر هاوبەشییە تۆمارنەکراوەکان لەلایەن لیژنەی زانستییەوە نەگرێتەخۆ یان پابەند نەبێت بە ئەحکامەکانی هەردوو برگەی (٧) و (٨)ی سەرەوەدا هاتووە.

**(١٢)** پابەندبوونی توێژەر یان قوتابی/خوێندکار بە بەڵگەنامەکردنی هەموو زانیاری و داتاکانی پەیوەست بە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زانستی یان ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا و ئەنجامەکانیان و چۆنیەتی ئەنجامدانیان بەجۆرێك کە لە تواناد‌ا هەبێت وردبینیان بۆ بکرێت و تاقیبکرێنەوە و هەڵسەنگاندنی زانستیان بۆ بکرێت لەلایەن لیژنە زانستییەکان یان لەلایەن لیژنەکانی خوێندنی باڵا یان بە بەکارهێنانی سیستەم و پلاتفۆرمە ئەلیکترۆنییە پێشکەوتووەکانەوە و ئەو ئەنجامانەی کە پێشتر لە چوارچێوەی هەمان پسپۆڕی زانستیدا بەدەست هاتوون بەڵگەدار بکرین و ئاماژەیان پێبکرێت کە پشتگیری لە گریمانەی ڕەسەنی توێژینەوەکە ناکەن.

**(١٣)** پابەندبوونی ئەندامی دەستەی وانەوتنەوە و توێژەر و قوتابی/خوێندکار بە بەڵگەنامەکردنی هەموو هەنگاوەکانی شیکاری، ئەو میتۆدەی کە پەیڕەوی لێدەکرێت و ئەو زانیاریانەی کە لە توێژینەوە، لێکۆڵینەوە، یان ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا بەکارهێنراون و چۆنیەتی ئەنجامدانیان بە شێوەیەکی ڕوون بە مەبەستی ڕێگریکردن لە دەستکاریکردن لەگەڵیان و دەستەبەرکردنی پشتڕاستکردنەوەیان و دەستەبەرکردنی لەوەی کە توێژەر یان قوتابی/خوێندکار دەسپاکی و متمانەپێکراوی ئەکادیمی خۆی دەسەلمێنێت.

**(١٥)** ئاشکراکردنی ئەنجامی توێژینەوەکان و بڵاوکردنەوەیان لە گۆڤارە باوەڕپێکراوەکان یان بڵاوکراوە ئەکادیمییەکان بە مەبەستی ئاگادارکردنەوەی ناوەندە زانکۆیی و زانستییەکان لەوبارەیەوە، بەڵام ئەگەر هۆکارێك هەبێت کە ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی ئەنجامەکان بکات، ئەوا دەبێت ئەو هۆکارە لەسەر بنەمای ڕەچاوکردنی زانستی بن لە پلەی یەکەمدا، نەوەك فشارە دەرەکییەکان یان ڕەچاوکردنی هۆکاری نابابەتی کە هەرچییەك بێت.

**(١٥)** پابەندبوون بە نهێنی و بێلایەنی لە هەڵسەنگاندنی زانستی و ڕاوێژکاری ئەکادیمیدا، بەجۆرێك دەبێت نهێنی تەواو بپارێزرێت لە پرۆسەی هەڵسەنگاندندا لەکاتی هەڵبژاردنی هەڵسەنگێنەری زانستی و هەموو کارێک کە پەیوەندی بە ئەنجام و بابەتی هەڵسەنگاندنی زانستییەوە هەبێت.

**(١٦)** ڕاگەیاندنی ڕاستگۆیانەی بەریەککەوتنی بەرژەوەندیەکان لەلایەن ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوەکە هەڵسەنگاندن بۆ توێژینەوە، پرۆژەکانی توێژینەوە، ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا دەکەن، هەڵسەنگێنەران بۆیان نییە ئەو زانیاریانەی کە لە کاتی ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵسەنگاندنەکەدا فێربوون یان دەستیانکەوتووە بۆ مەبەستی کەسی خۆیان بەکاریبهێنن یان لەگەڵ کەسانی دیکەدا هاوبەشی پێبکەن. ئەگەر بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە سەلمێندرا کە هەڵسەنگێنەری زانستی ئەم بنەمایە یان بنەمای نهێنی و بێلایەنی پێشێل کردووە، یان پێشێلی بەها و بنەما گشتییەکان و ئاکاری ئەکادیمی کردووە کە لەم ڕێکارەدا هاتووە، دەبێت لە ڕووی کارگێڕییەوە ئاگادار بکرێتەوە و بە تەواوی قەدەغە بکرێت لە ئەنجامدانی هەر کارێك کە پەیوەست بێت بە هەڵسەنگاندنی زانستی توێژینەوە زانستییەکان، یان ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا، یان بەشداریکردن لە لیژنەکانی گفتوگۆدا یان سەرجەم ئەو بوارە زانستییانە بە تەواوی.

**(١٧)** توێژەر یان قوتابی/خوێندکار لە ئەگەری پێشێلکردنی ئەم بنەمایانەی سەرەوە ڕووبەڕوەی لێپرسینەوەی یاسایی دەبێت و ڕێکاری سزادانی گونجاو دەبێتەوە، لەوانە ڕێگریکردن لە وانەوتنەوەدا یان ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی یان سڕینەوەی تۆمار (ترقين قيد) ئەمەش دەبێت بەشێوەیەک بێت کە لەگەڵ سروشتی سەرپێچییەکەدا بگونجێت و بەپێی یاسا بەرکارەکاندا بێت.

**سێیەم: ئاستی تایبەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ قوتابیان/خوێندکاران:**

پێویستە ئەندامی دەستەی وانەوتنەوە ئەم کارانەی خوارەوە بکات:-

**(١)** ڕێزگرتن لە مافی قوتابیان/خوێندکاران و مامەڵەکردن لەگەڵیان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و بێلایەنانە و بابەتیانە، بەبێ جیاوازیکردن لەسەر بنەمای ڕەگەز، توخمی کۆمەلایەتی، بیروباوەڕی ئایینی یان سیاسی، پێگەی کۆمەڵایەتی، خاوەن پێداویستی تایبەت، یان هەر جۆرە جیاکارییەکی تر.

**(٢)** بەدەستهێنانی متمانەی قوتابیان/خوێندکاران لەسەر بنەمای دەسپاکی ئەکادیمی، ڕەفتاری ئەرێنی و ڕەفتاری ڕاستگۆیی لە هەموو ئەرکەکانیدا.

**(٣)** هەڵسەنگاندنی پەڕاوی تاقیکردنەوەکانی قوتابیان/خوێندکاران و هەموو کارە وەرزییەکانیان بە خێرایی و وردی پێویست و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانیان بە وردی و بابەتیانە، هەروەها ڕوونکردنەوەی هۆکارەکان لە ئەگەری دواکەوتنی ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانیان.

**(٤)** خۆبەدوورگرتن لە هەر کارێك کە کاریگەری نەرێنی لەسەر متمانەی قوتابیان/خوێندکاران لە پرۆسەی خوێندندا هەبێت، لەوانە هەوڵدان بۆ سەرپەرشتیکردنی ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا کە ناچنە ناو چوارچێوەی پسپۆڕی زانستی گشتی یان وردی سەرپەرشتیار، یان هەوڵدان بۆ وتنەوەی بابەتی ئاسان بە قوتابیان/خوێندکاران کە لە ئاست ئەو قۆناغەی خوێندن نەبێت یاخود لە رووی زانستیەوە ئاست نزم بێت کە شیاوی ئاستی خوێندنی باڵا نەبێت یان بۆ بەدەستهێنانی سۆز و خۆشەویستی قوتابیان/خوێندکاران یان بەڵێنی سەرکەوتن یاخود نمرەی بەرزیان پێبدرێت بە مەبەستی سەرپەرشتیکردنیان لە دواتردا.

**(٥)** نەرمی نەنواندن لە گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست لە کاتی دیاریکردنی حاڵەتەکانی گزی قوتابیان/خوێندکاران یان دزەپێکردنی پرسیاری تاقیکردنەوەکان بۆیان بە هەر شێوەیەك.

**(٦)** هەڵسەنگاندنی زانستی قوتابیان/خوێندکاران بە شێوەیەکی بابەتیانە و دادپەروەرانە بەجۆرێك کە ڕەنگدانەوەی بنەما زانستی و ئەکادیمییەکان بێت.

**(٧)** پابەندبوون بە میکانیزمەکانی هەڵسەنگاندن و کاتە تەرخانکراوەکان و ناوەڕۆکی ئەو بابەتە ئەکادیمییانەی کە لە کۆرسبوکەکاندا هاتووە و، پێویستە قوتابی/خوێندکار لە سەرەتای ساڵی خوێندندا بە دەستی بگات بۆ ئەوەی لێی ئاگاداربێت.

**(٨)** بەکارهێنانی باشترین ڕێگاکانی وانەوتنەوە و چالاکیە فێرکارییە گونجاوەکان کە دڵنیایی دەدەن لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی بابەتی خوێندن.

**(٩)** رژدبوون (الحرص) لەسەر گەشەپێدانی بیرکردنەوەی زانستی و داهێنەرانە و خودەستپێشخەری و کاری بە کۆمەڵ لە نێوان قوتابیان/خوێندکاراندا.

**(١٠)** پێشخستنی و سەرخستنی باشترین بەها ئاکارییەکان لەنێو قوتابیان/خوێندکاران، گرنگیدان بە هەمەجۆریی میراتی کولتووری خۆیان و ڕێزگرتن لە داب و نەریتە نەتەوەیی و ئایینییەکانیان.

**(١١)** پاراستنی نهێنی تەواوەتی بەڵگەنامەکان و زانیارییە کەسییەکانی پەیوەست بە قوتابی/خوێندکار بەپێی یاسا بەرکارەکان، بەشێوەیەك هیچ ئەندامێکی دەستەی وانەوتنەوە یان هیچ فەرمانبەرێك لە زانکۆدا نەتوانێت دەستپێگەیشتنی بەو زانیاریانە بقۆزێتەوە بۆ گەیشتن بە ئامانجە کەسییەکان یان بۆ بەرژەوەندی کەسانی دیکە و نابێت ئاشکرایان بکات تەنها بە ڕەزامەندی قوتابی/خوێندکار خۆی یان سەرپەرشتیاری یان بۆ مەبەستی دادوەری نەبێت.

**چوارەم: ئاستی تایبەت بە مامەڵەی ئەندامی دەستەی وانەوتنەوە لەگەڵ سەرۆکەکانی:-**

**(١)** پابەندبوون بە جێبەجێکردنی فەرمان و ڕێنماییە نووسراوەکان یان زارەکییەکانی سەرۆکەکانی بەپێی پلەبەندی کارگێڕی و بەپێی یاسا بەرکارەکان.

**(٢)** مامەڵەکردن لەگەڵ سەرووی خۆی بە ڕێزەوە و هەوڵنەدان بۆ بەدەستهێنانی هیچ دەسکەوتێك لە ڕێگەی شێوازە نائاکاری و ناڕەواکان.

**(٣)** بەکارنەهێنانی هیچ بەڵگەنامەیەك کە تایبەتە بە دامەزراوە زانکۆییەکەی بە مەبەستی کاریگەری دانان لەسەر بڕیارە وەرگیراوەکان یان ڕێگریکردن لە ڕەوتی کارکردن تێیدا.

**(٤)** هاوکاریکردن لەگەڵ سەرۆکەکانی و پێدانی ئەو بۆچوون و ئامۆژگاری و ئەزموونەی کە هەیەتی بە ڕاستگۆیی و بابەتیانە.

**(٥)** ئاگادارکردنەوەی سەرۆکی ڕاستەوخۆی خۆی لە هەر سەرپێچییەك یان پێشێلکارییەك لە یاسا بەرکارەکان یان هەر ئاستەنگێك کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە کە ڕێگری دەکات لە دەستەبەرکردنی لە بەردەوامی کارکردن.

**(٦)** هاوکاری لەگەڵ سەرۆکەکانی لە کاتی پێکهێنانی لیژنە لەسەر ئاستی بەشی زانستی خۆی یان ئەو دامەزراوە زانکۆییەی کە تێیدا کاردەکات.

**(٧)** هەموو ئەو زانیارییە فەرمیانەی کە بەهۆی کارەکانیەوە پێویستیان بە ئاشکراکردن هەیە، بە تەواوی و بە وردی بۆ سەرۆکەکانی ئاشکرا بکات.

**(٨)** خۆبەدوورگرتن لە ئەنجامدانی هەر چالاکیەك کە ببێتە هۆی سەرهەڵدانی بەریەككەوتنی ڕاستەقینە یان ڕواڵەتی یان ئەگەریی لە نێوان بەرژەوەندییە کەسییەکانی لەلایەك و بەرپرسیارێتی و ئەرکەکانی کارەکەی لەلایەکی دیکەدا.

**پێنجەم- ئاستی تایبەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ هاوپیشەکانی لە ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە:**

دەبێت ئەندامی دەستەی وانەوتنەوە ئەم کارانەی خوارەوە بکات:

**(١)** مامەڵەکردن بەڕێز و ڕووخۆشی و سەلیقە و ڕاستگۆییەوە لەگەڵ هاوپیشەکانی و پاراستنی پەیوەندی تەندروست و دۆستانە بەبێ جیاوازی، ڕژدبوون لەسەر ڕێزگرتن لە تایبەتمەندییەکانیان و خۆبەدوورگرتن لە قۆستنەوە و بەکارهێنانی هەر زانیارییەك کە پەیوەندی بە ژیانی تایبەتی خۆیانەوە هەیە بە مەبەستی زیانگەیاندن.

**(٢)** هاوکاری لەگەڵ هاوپیشەکانی و هاوبەشکردنی بۆچوونەکانی لەگەڵیاندا بە شێوەیەکی بەرزی پیشەیی و بابەتیانە، هاوکاریکردنیان لە هەر شوێنێك کە بتوانرێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە لە بواری کاردا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە و ڕژدبوون لە بڵاوکردنەوەی ڕێنوێنی ئەرێنی لەنێو هاوپیشەکانیدا بۆ یارمەتیدانی پێشخستنی کار و پسپۆڕی زانستی و باشترکردنی ژینگەکەی.

**(٣)** ڕێگەنەدان بە قوتابیان/خوێندکاران کە ڕەخنەی نابابەتیانە لە کارایی هیچ هاوپیشەیەکی تر بگرن یاخود ڕەخنە لە کەسایەتییەکەی بگرن، یان شکۆی لەکەدار و بچووك بکەنەوە.

**(٤)** خۆبەدوورگرتن لە هاندانی قوتابیان/خوێندکاران بۆ تۆمارکردنی سکاڵا یان گرتنەبەری ڕەفتاری نایاسایی دژی هەر ئەندامێکی تری دەستەی وانەوتنەوە.

**(٥)** خۆبەدوورگرتن لە هاندانی قوتابیان/خوێندکاران بۆ خوێندنی بابەتی ئەکادیمی تایبەت یان لاری دەربڕین لە خوێندنی بابەتەکە لەلایەن ئەندامێکی تری دەستەی وانەوتنەوە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی لێهاتوویی و ئەزموونی ئەکادیمی و هاننەدانیان بۆ داوای سەرپەرشتی زانستی یان لاری دەربڕین لە

سەرپەرشتیکردنی هاوپیشەیەکی خۆی بۆ قوتابیان/خوێندکاران کە مەرجەکانی سەرپەرشتی زانستی لە هاوپیشەکەیدا هەبێت و هیچ ڕێگریەکی یاسایی و زانستی لەو بارەیەوە نەبێت.

**شەشەم: ئاستی تایبەت بە مامەڵەکانی لەگەڵ ستافەکەی:**

پێویستە لەسەر ئەندامی دەستەی وانەوتنەوە کە پۆستێکی کارگێڕی هەیە ئەمانەی خوارەوە بکات:-

**(١)** پەرە بەتواناکانی ستافەکەی بدات و هاوکاریان بکات و هانیان بدات بۆ باشترکردنی شێوازی کارکردنیان و خودی خۆی پێشەنگێکی باش بێت بۆ ستافەکەی لە شوێنی کاری و پابەندبوونی بە یاسا بەرکارەکان.

**(٢)** گواستنەوەی ئەو زانست و شارەزایی و ئەزمونانەی کە بەدەستی هێناوە بۆ ستافەکەی و هانیان بدات بۆ کارکردن بەیەکەوە و زیادکردنی ئاڵوگۆڕی زانیاری و گواستنەوەی زانیاری لە نێوانیاندا.

**(٣)** سەرپەرشتیکردنی ستافەکەی و لێپرسینەوەیان لە دروستی بەڕێوەبردنی کارەکانیان و هەڵسەنگاندنی شێوازی کارکردنیان بە شێوەیەکی بابەتیانە و بێلایەنانە و هەوڵدان بۆ دابینکردنی دەرفەتی ڕاهێنان و گەشەپێدانیان بەپێی یاسا بەرکارەکان.

**(٤)** ڕێزگرتن لە مافی ستافەکەی و هاوکاریکردنیان بە شێوەیەکی بەرزی پیشەیی و بەبێ لایەنگیری و جیاکاری و ڕێگرتن لە هەر فشارێك لەلایەن کەسانی دیکەوە کە ببێتە هۆی مامەڵەکردنی بە شێوەیەکی جیاکاری یان لایەنگیری لەگەڵ یەکێك یان هەندێك لە ستافەکەی کە هیچ پەیوەندییەکی بەم ڕێکارە نەبێت و لەکاتی هەبوونی دیاردەی لەم جۆرە فشارانە، پێویستە بە فەرمی ئاگاداری لیژنەی باڵا یان یەکێك لە لیژنە ناوەندییەکان بکاتەوە.

**(٥)** ڕێگریکردن لە ڕاسپاردنی هەر یەك لە ستاف و کارمەندەکانی بە کارێك کە لە بنەڕەتدا پێیان نەسپێردراوە یان لە دەرەوەی چوارچێوەی وەسف و ناونیشانی کارەکەیان بێت.

**(٦)** ڕێزگرتن لە مافی قوتابیان/خوێندکاران و مامەڵەکردن لەگەڵیان بە شێوەیەکی بابەتیانە و پیشەییانەی بەرز و بەبێ لایەنگیری و جیاکاری.

## بەشی سێیەم

## ئەو ڕەفتارانەی کە پێشێلکردنن بۆ ڕێکاری ڕەفتار و ئاکاری ئەکادیمی

**لقی یەکەم: پێشێلکردن لە بواری توێژینەوەی زانستی و بڵاوکردنەوە و هەڵسەنگاندنی زانستی**

**ماددەی (٧):** ئەو ڕەفتارانە یان هەڵسوکەوتانەی کە تێیدا ئەندامێکی دەستەی وانەوتنەوە، ڕێساکانی ڕەفتار و ئاکاری ئەکادیمی لە بواری توێژینەوەی زانستی و بڵاوکردنەوە و هەڵسەنگاندنی زانستیدا پێشێل دەکات، بریتین لە: -

**(١)** پلەیجەریزمی ناڕەوا: پەنابردن بۆ دزینی بیرۆکە، پرۆگرامی خوێندن، داتاکان یان هەر بەرهەمێکی ڕەسەن کە هی کەسانی تر بێت و پێشکەشکردنی وەك هی خۆی یان هی کەسانی تر، بە تەواوی یان بەشێکی، بەبێ ئەوەی ئاماژەیان پێبدرێت بەپێی بنەماکانی میتۆدی زانستی یان بنەماکانی ئەم ڕێکارە، یان بە پێی ڕێژەی سەدی پلەیجەریزمی (Plagiarism) و ژێری دەسکرد دیاری کراو.

**(٢)** ساختەکاری: بەکارهێنانێکی بەئەنقەستی داتایەکی لەئارادا نەبوو یان هەڵە یان شێوێنراو لە توێژینەوە و لێکۆڵینەوە زانستییەکاندا.

**(٣)** شێواندنی هەڵسەنگاندن و داتاکان: شێواندن یان دەستکاریکردنی هەڵسەنگاندنی توێژینەوەکانی زانکۆ یان ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا، یان دروستکردنی ئەنجام یان داتا کە لە بنچینەدا بوونیان نییە، یان گەواهی دان و پێشکەشکردنی ئامێر و کەرەستە تاقیگەییەکان یان کەرەستەیەك لە

چوارچێوەی توێژینەوە یان لێکۆڵینەوەکە بەکارنەهێنرابێت و وای دەربخات وەك ئەوەی کە لە پراکتیکدا بەکارهێنراون، یان شێواندنی ئەنجامی توێژینەوەیەك یان لێکۆڵینەوەیەك و گونجاندنی لەگەڵ ئامانجی توێژینەوەکەی یان بەرژەوەندی کەسی خۆی یان کەسانی دیکەدا.

(٤) دووبارە بڵاوکردنەوە: دووبارە بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوە زانستییەکان و پێشکەشکردنی وەك ئەوەی کە سەربەخۆ بن و بۆ یەکەمجار بڵاوکراوبێتنەوە و بەکارهێنانیان بەمەبەستی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی، یان بەدەستهێنانی بڕوانامەیەکی ئەکادیمی یاخود بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی سوپاس و پێزانین یان بۆ هەر مەبەستێکی دیکە.

(٥) پارچەپارچەکردن: ئەمەش واتە دابەشکردنی ئەنجامی توێژینەوەکان بۆ چەند بەشێک بەشێوەیەك کە بێگەردیی دەسپاکی و ڕاستگۆیی زانستی پێشێل بکات و دواتر بڵاوکردنەوەیان لەزیاتر لە گۆڤارێکی ئەکادیمیدا و پێشکەشکردنی ئەو بڵاوکراوانە وەك ئەوەی کە خۆی لە خۆیدا بڵاوکراوەی سەربەخۆ بن بە ئامانجی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی یان بەدەستهێنانی بڕوانامەیەکی ئەکادیمی یان بۆ هەر مەبەستێکی دیکە سوودیان لێ وەربگرن.

(٦) بەشداری ناڕاستەقینە: هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە بەشدارییەکی بنەڕەتی و سەرەکییان لە نووسینەکەدا نییە بەجۆرێك کە ناویان لە نێو نووسەرانی ڕاستەقینەی بڵاوکراوە زانستییەکەدا جێگیر بکرێت، یان ناوی ئەو کەسانە نەگرێتەوە کە بەشدارییەکی بنەڕەتیان تێدا هەیە، یان گۆڕینی ڕیزبەندی ناوی نووسەران بە شێوەیەکی ناڕەوا کە لەگەڵ ڕیزبەندی ناونیشانە زانستییەکاندا نەگونجێت، یان لابردنی ناوی نووسەر لە بڵاوکراوەی زانستی لە چاپە بنچینەییەکەدا یان چاپەکانی دواتردا و دانانی ناوی خۆی یان کەسێکی دیکە لە لیستی نووسەرەکانیدا بەبێ ئەوەی بەشدارییەکی ڕاستەقینە و سەرەکییان هەبێت.

(٧) گزی ئەکادیمی: فرتوفێڵکردنی کەسێك بە مەبەستی بەدەستهێنانی نمرەکانی تاقیکردنەوە یان تایبەتمەندییە ئەکادیمییەکان بۆ خۆی یان بۆ کەسانی تر بەبێ ئەوەی هەوڵی هزری پێویست بدات بۆ بەدەستهێنانیان، جا ئەمە بە خۆی بیکات یان بە ڕێگەی بەکارهێنانی کەسانی تر یان بە هەر ڕێگایەکی تر بێت بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری تاقیکردنەوەکان یان هەستان بە دزینی کاری زانستی یان ئەدەبی یان هونەری کەسانی تر بە تەواوی یان بە بەشێکی بەجۆرێك بۆ خۆی یان بۆ کەسانی تر بە ناڕەوا دەیگێڕێتەوە.

(٨) ڕێککەوتنی ناڕەوا (التواطؤ): ئەنجامدانی کاری زانستی یان هەڵسەنگاندنی بە هاوبەش بەبێ ئەوەی یاسا و ڕێنماییەکان ڕێگەی پێبدات بۆ تەواوکردنی یاخود بە هاوبەشی هەڵسەنگاندنی بۆ بکات، یان هەڵسەنگاندنی کارە زانستییەکان و پێدانی نمرەیەك کە شایەنی نییە بە مەبەستی پلەبەرزکردنەوەی زانستی یان بەدەستهێنانی بڕوانامەیەکی ئەکادیمی، یان هەر سوودێکی ئەکادیمی دیکە.

(٩) خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی ئەکادیمی: واتە بەکارهێنانی دەسەڵاتە کارگێڕییەکەی کە بەپێی یاسا پێدراوە بە مەبەستی بەدەستهێنانی بەرژەوەندی کەسی خۆی یان بەرژەوەندی کەسانی تر بە شێوەیەکی ناڕەوا.

(١٠) هەر کارێکی تر کە ئەم ڕێکارە یان یاسا بەرکارەکان ڕێگەی پێنەداوە یان لەگەڵ ئاکار و ڕەوشتی گشتیدا ناکۆکە، لەوانەش هەواڵی درۆ و زیانبەخش دەربارەی پێشێلکردنی بنەماکانی خودی ڕێکارە.

**لقی دووەم: پێشێلکارییەکانی تری ڕێکارەکانی ئاکاری ئەکادیمی**

**ماددەی (٨):** جۆرەکانی تری پێشێلکارییەکانی ڕێکاری ئاکاری ئەکادیمی بریتین لە:

(١) وەرگرتن یان داواکردنی هەر بڕە پارەیەک، دیارییەک، سوودێکی کەسی لەلایەن ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە، بۆ خۆیان یان بۆ کەسانی دیکە، یان هەر جیاکارییەک لە نێوان قوتابیان/خوێندکاران ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ بێت.

(٢) ڕازیبوون یان داوای ئەندامێکی دەستەی وانەوتنەوە بۆ خزمەتگوزاری یان دەستکەوت و بەرژەوەندی کەسی یان دامەزراندنی پەیوەندی نزیك لەگەڵ کەسانێك یان دامەزراوەکان کە بەرژەوەندییەکانیان بە پلەی یەکەم پەیوەستە بە بڕیارەکانی خۆی یان بڕیارەکانی ئەو دەزگا کارگێڕییەی کە تێیدا کاردەکات.

(٣) بەکارهێنانی ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا کە پێشکەش نەکراون بۆ گفتوگۆ یان توێژینەوەی زانستی یاخود لێکۆڵینەوەی بڵاونەکراوە بەجۆرێك کە وەك سەرچاوەیەکی زانستی بە بێ مۆڵەتی نووسراوی خاوەنەکەی.

(٤) پابەندنەبوون بە بنەما ئیتیکی و مرۆییەکان لەو توێژینەوانەی کە لەسەر مرۆڤ و ئاژەڵ ئەنجام دەدرێن و ڕێزنەگرتن لە مافەکانی نەخۆش.

(٥) مامەڵەکردن بە پێچەوانەی یاسا بەرکارەکان لە بواری توێژینەوەی بایۆپزیشکی و توێژینەوە کلینیکیەکانی تر کە لەسەر مرۆڤدا ئەنجام دەدرێن.

(٦) هاوبەشکردنی زانیاریەکانی ناو پرۆژە یان توێژینەوەی زانستی کە ڕاسپێردراوە بە پێداچوونەوەی یان هەڵسەنگاندنی پێش بڵاوکردنەوەی بەبێ مۆڵەتی نووسراوی خاوەنی پرۆژە یان توێژینەوەکە.

(٧) بەکارهێنانی ئەو سەرچاوە و ئاسانکاری و کەلوپەل و ئامێرانەی کە بۆ توێژینەوەی زانستی تەرخانکراون بۆ مەبەستی تر جگە لە بەکارهێنانی مەبەستە زانستییەکان.

(٨) بڵاوکردنەوەی ئەو زانیاریانەی کە لە ڕاپرسییەکاندا هەن و لە چوارچێوەی توێژینەوەیەکی زانستیدا ئەنجامدراون بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی ڕوون لە بەشداربووانی، یان ئەنجامدانی توێژینەوە، تاقیکردنەوەیەکی زانستی لە زانکۆیەك یان دامەزراوەیەکی نازانکۆییدا بەبێ وەرگرتنی مۆڵەتی پێشوەختە.

(٩) زیانگەیاندن بە تەندروستی ئاژەڵان و هاوسەنگی ژینگەیی لە توێژینەوە و تاقیکردنەوە زانستییەکاندا.

(١٠) ئەنجامدانی توێژینەوە و تاقیکردنەوە بە پێچەوانەی بنەماکانی یاسا بەرکارەکان و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان کە عێراق و هەرێمی کوردستان لایەنن تێیدا.

(١١) پابەندنەبوون و ئاگادارنەکردنەوەی لایەنی پەیوەندیدار سەبارەت بەو هەڵسوکەوت و کاریگەرییە زیانبەخشانەی کە لەوانەیە بەهۆی ئەنجامدانی توێژینەوە یان تاقیکردنەوەیەکی زانستی ڕووبدەن.

(١٢) بەکارنەهێنانی داتا و زانیاری بەدەستهاتوو لە کەسان و دامەزراوەکانی تر لە توێژینەوە و لیکۆڵینەوە زانستییەکاندا تا ئەو ڕادە و بەو شێوەیەی کە ڕێگەپێدراوە، یان ڕێزنەگرتن لە نهێنی ئەو داتا و زانیاریانە و دەستەبەرنەکردنی پاراستنیان.

(١٣) پێشکەشکردنی داتا و زانیاری، یان بەڵگەنامەی ساختە و بەکارهێنانیان بە مەبەستی دامەزراندن یان بەرزکردنەوەی پلەی زانستی یان بەدەستهێنانی بڕوانامەی ئەکادیمی، یان بۆ جێبەجێکردنی مەرجەکانی بەشداریکردن لە تاقیکردنەوەیەکی پێشبڕکێیانەدا.

(١٤) شێواندن یان گۆڕین یاخود دەستکاریکردنی پەڕاوەی تاقیکردنەوەکان بە نارەوایی.

(١٥) پابەندنەبوون بەمەرج و پێداویستەکانی مافی خاوەندارێتی هزری و ئەدەبی بۆ دۆسیە و بەرنامە ئەلیکترۆنییەکان یان بەرهەمە هزری و ئەدەبی و زانستی و هونەرییەکان و ئەو مەرجانەی کە دیاریکراون سەبارەت بە مۆڵەتدان بە بەکارهێنانیان.

(١٦) پێشکەشکردنی بڵاوکراوەیەک یان زانیاری بێ بنەما بە ئەنقەست یان خراپکارانە یان بێ مەبەست سەبارەت بە پێشێلکردنی ئەو بنەمایانەی کە لەم ڕێکارە هاتووە.

## بەشی چوارەم

### پێکهێنانی لیژنەی باڵا و لیژنە ناوەندییەکانی تایبەت بە بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنی ئەم ڕێکارە و ئەرك و دەسەڵات و شێوازی کارکردنیان

**ماددەی (٩):** پێکهێنانی ئەو لیژنانەی کە بەرپرسن لە بەدواداچوون بۆ بەڕێوەبردنی دروستی ڕەفتاری زانستی و کارکردن بە ئاکاری ئەکادیمی لە زانکۆدا وەك لە خوارەوە دیاریکراوە و پێویستە لە سەرەتای ساڵی خوێندنی ئەکادیمی لیژنەکان پێکبهێندرێن:

**(١)** پێکهێنانی لیژنەیەکی باڵا لەسەر ئاستی سەرۆکایەتی زانکۆ حکومی و تایبەتەکان لە (٧) حەوت ئەندام کە لە لایەن سەرۆکی زانکۆ هەڵدەبژێردرێن و بۆ پەیمانگە تایبەتەکان لە (٥) پێنج ئەندام کە لە لایەن ڕاگری پەیمانگە هەڵدەبژێردرێن، هەروەها مەرجە ئەندامانی ئەو لیژنەیە ئەندامی دەستەی وانەوتنەوە بن کە خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرا و هەڵگری نازناوی زانستی پرۆفیسۆر و پرۆفیسۆری یاریدەدەر بن لە بوار و پسپۆڕییە جیاوازەکاندا، هەروەها لیژنەکە لە لایەن ئەو ئەندامەی خاوەن پێشینەترین نازناوی زانستی سەرۆکایەتی دەکرێت و بەمەرجێك لە نێوانیاندا بۆ هەر کەیسێک دادوەرێک هەبێت کە نوێنەرایەتی داواکاری گشتی بکات و سەرجەم ئەندامانی لیژنەکە دوای تێپەڕبوونی ماوەی سێ (٣) سێ ساڵ لە ڕێکەوتی یەکەم کۆبوونەوەیاندا دەگۆڕدرێن. لە حاڵەتی نەبوونی مامۆستای پێویستی هەڵگری نازناوی زانستی، دەتوانن سوود لە مامۆستای زانکۆ حکومییەکان وەربگرن.

**(٢)** لیژنە باڵاکان لە زانکۆ حکومی و تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان و پەیمانگە تایبەتەکان لە لایەن وەزارەت پەسەند دەکرێت و بۆ ئەم مەبەستە پێویستە ناوی لیژنەی باڵا ئاراستەی (وەزارەت/فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان) بکرێت بە مەبەستی ووردبینیکردن و ڕێکارەکانی پەسەندکردن.

**(٣)** لیژنەی باڵا کار دەکات لەسەر چاودێریکردن و ڕێکخستنی ڕەفتاری زانستی بەپێی ڕێکاری ڕەفتار و ئاکاری ئەکادیمی و ڕاپۆرتەکان وەردەگرێت دەربارەی پێشێلکردنی ئەو بنەمایانەی لەم ڕێکارە هاتووە و بڕیاری گونجاو دەدات.

**(٤)** سێ لیژنەی تری ناوەندی پێکدەهێنرێن بۆ چاودێریکردنی بەڕێوەبردنی دروستی ڕەفتاری زانستی و بەدواداچوون بۆ ئاکاری ئەکادیمی لە بوارەکانی پسپۆڕی (مرۆیی و زانستی و پزیشکی) و وەرگرتنی ڕاپۆرت و پێراگەیاندنەکان سەبارەت بە پێشێلکردنی ناوەڕۆکی ئەم ڕێکارە. هەر لیژنەیەك لەم لیژنە ناوەندیانە لە (٧) حەوت ئەندام پێکدێت، کە لەلایەن سەرۆکی زانکۆوە هەڵدەبژێردرێت لەنێو ئەو کاندیدانەی کە لیژنەی باڵا پێشنیاری کردووە و ساڵانە لیژنە نوێدەکرێتەوە و سەرۆکی زانکۆ مافی هەیە گۆڕانکاری لە ئەندامانی لیژنەکە بکات بە مەرجێک ماوەی ئەندامیەتی لە (٣) سێ ساڵ زیاتر نەبێت، هەروەها مەرجە ئەندامانی ئەو لیژنانە ئەندامی دەستەی وانەوتنەوە بن کە خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرا و هەڵگری نازناوی پرۆفیسۆر یان پرۆفیسۆر یاریدەدەر بن لە بوار و پسپۆڕییە جیاوازەکاندا.

**(٥)** سەرۆکی لیژنەی باڵا دوای ڕاوێژ لەگەڵ سەرۆکی زانکۆ، دەتوانێت زیاتر لە لیژنەیەکی لاوەکی کاتیی بەپێی لق و بەشە زانستییە جیاوازەکان پێکبهێنێت بەمەبەستی چاودێریکردن و جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی ئەم ڕێکارە و زامنکردنی دڵنیایی جۆری و کارایی توێژینەوەی زانستی و بڵاوکراوە ئەکادیمییەکان.

**(٦)** نابێت هیچ ئەندامێکی لیژنەی باڵا، سێ لیژنە ناوەندییەکە، یان لیژنە لاوەکییەکانی دیکە بە تاوانی ئابڕووبەر سزا درابن یان پێشتر بڕیاری کارگێڕی کۆتایی لەسەریان درابێت کە بیسەلمێنێت پێشێلکاری یان لارێی ناوەڕۆکی ئەم ڕێکارەیان کردووە.

**(٧)** ئەندامی لیژنە دەبێت خاوەن ئەزموون بێت لە کاری لیژنە زانستی و تاقیکردنەوەکان و لیژنەکانی تر و ناسراو بێت بە سەربەخۆیی ئەکادیمی و بەرهەمە زانستییە چۆنایەتییەکان و خاوەنی ئەزموونی پێویست بێت لە بواری بڵاوکردنەوەی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکان لە گۆڤارە زانستی و ئەکادیمییە ناوخۆیی و بیانییەکاندا.

**(٨)** ئەندامی لیژنە دەبێت سەربەخۆ بێت لە دەسەڵاتە کارگێڕی و زانستییەکان لە ناو دامەزراوەی زانکۆییدا و ئامۆژگاری و ڕێنوێنی پێشکەش دەکات و بەشداری لە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان دەکات، هەروەها سکاڵا و ڕاپۆرت وەردەگرێت بە شێوەیەکی نهێنی.

**(٩)** ئەرکەکانی هەر ئەندامێك ڕاستەوخۆ کۆتایی دێت ئەگەر سەلمێنرا کە بەپێچەوانەی ناوەڕۆکی ئەم ڕێکارە مامەڵەی کردووە.

**(١٠)** ئەندامێتی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کۆتایی دێت ئەگەر هەر ئەندامێک بەبێ مۆڵەتی سەرۆکی لیژنەکە یان بیانوویەکی ڕەوا بەشداری لە سێ کۆبوونەوەی یەك لە دوای یەکدا نەکات، یان بۆ ماوەی لانیکەم سێ مانگ لە مۆڵەتدا بێت و ئەندامی نوێ بەپێی ناوەڕۆکی ئەم ڕێکارە لە حاڵەتی بوونی پۆستێکی بەتاڵ دادەنرێت.

**(١١)** سەرۆکی لیژنەکە ئەندامێك لە نێو ئەندامەکانیدا دیاری دەکات بۆ ئەوەی ببێتە بڕیاردەری لیژنەکە، بەجۆرێك کە ئەرکەکەی لەگەڵ کۆتایی هاتنی خولی لیژنەکەدا کۆتایی بێت.

**ماددەی (١٠):** ئەرك و دەسەڵاتەکانی لیژنەی باڵا و لیژنە ناوەندییەکان بەم شێوەیەی خوارەوە دەبن:

**(١)** ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی بەرفراوان سەبارەت بەو پێراگەیاندن و سکاڵایانەی کە ڕاستەوخۆ لەلایەن (لیژنەی ناوەندیی پسپۆڕی) وەرگیراون یان لەلایەن (لیژنەی باڵا)وە بۆی ڕەوانەکراوە سەبارەت بە پێشێلکردن یان بەزاندنی ناوەڕۆکی ئەم ڕێکارە و وەرگرتنی بۆچوونی پسپۆڕانی هەڵبژێردراو لەلایەن لیژنەی باڵاوە لە کاتی پێویستدا و پەیوەندی لەگەڵ کەسان و دامەزراوە پەیوەندیدارەکاندا بکەن و داوای زانیاری و بەڵگە بکەن و ڕێوشوێنی پێویستی دیکە لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکەدا بگرنەبەر.

**(٢)** لە ئەگەری بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکان، بەرژەوەندی گشتی پێشینەی ڕەهای هەیە، بەجۆرێك دەبێت بەرژەوەندی گشتی دامەزراوەی ئەکادیمی لە بەرژەوەندی کەسی ئەندامی دەستەی وانەوتنەوە جیا بکرێتەوە، جا چ ماددی بێت یان مەعنەوی و بەرژەوەندییە کێبڕکێکارەکان دەستنیشان دەکرێن و کاریگەری بەرژەوەندی کەسی لەسەر ڕەفتاری نادروستی ئەندامی دەستەی وانەوتنەوە یان بڵاوکراوەکانی یان بڕیارەکانی ئاشکرا دەکرێن کە لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی و ئەو ئامانجانەدا ناکۆکە کە ئەم ڕێکارە بە ئامانجی گرتووە.

**(٣)** لیژنەی باڵا ئەو بڕیارە کۆتاییانەی کە دەریدەکات دەیخاتە بەردەم سەرۆکی زانکۆ بە مەبەستی پەسەندکردن کە لە ماوەی یەك مانگ تێپەڕ نەکات و لە ئەگەر پەسەندنەکردنی لە لایەن سەرۆکی زانکۆ لە ماوەی ئاماژەپێکراوی سەرەوە، ئەوا بە پەسەندکراو دادەنرێت.

**(٤)** لیژنە ناوەندییەکان ئەرکی ئامادەکردنی پێشنیارەکان دەگرنە ئەستۆ کە دەخرێنە بەردەم سەرۆکی زانکۆ بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی ئەگەری پێشێلکارییە ئاکاری و ئەکادیمیەکان و زامنکردنی ڕێکخستنی چالاکی زانستی و هۆشیارکردنەوەیی پەیوەست بەم ڕێکارە بە هاوکاری لەگەڵ دامەزراوە پەیوەندیدارەکان.

**(٥)** دابینکردنی پاراستنی یاسایی ماددی و مەعنەوی بۆ ئەو کەسانەی کە پێشێلکارییەکانی ڕەفتار و ئاکاری ئەکادیمی بە لیژنەی باڵا و لیژنەی ناوەندی ڕادەگەیەنن، ئەوانەی هەواڵ و ڕاپۆرتی ناڕاست و ساختە بە لیژنەکان دەدەن ڕەوانەی دەسەڵاتی دادوەری دەکرێن.

(٦) بەکارهێنانی بەرنامەی ژێری دەستکردی چۆنایەتی و پێشکەوتوو و پشتبەستن بە تەکنەلۆژیای ئەلیکترۆنی کاریگەر بۆ ئاشکراکردنی کردەوەی بەزاندن یان پێشێلکردنی ناوەڕۆکی ئەم ڕێکارە و دابینکردنی هەموو توانا ماددییە پێویستەکان بۆ ئەم لیژنانە بە مەبەستی ئەنجامدانی ئەرکەکانیان بە شێوەیەکی گونجاو و نموونەیی.

(٧) دامەزراندنی سەکۆ (پلاتفۆرم)ی ئەلیکترۆنی ناوەندی و پێشکەوتوو بە هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان و لەژێر چاودێری ئەودا بەمەبەستی بەدواداچوون بۆ بڵاوکراوە زانستی و ئەکادیمییەکان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و هاویەکبوونی لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەم ڕێکارە.

(٨) بە تەنها لیژنەی باڵا و سێ لیژنەی ناوەندیەکە تایبەتمەندن و دەسەڵاتیان هەیە بۆ بینینی ئەو پرسانەی کە پەیوەستن بە ناوەڕۆکی ئەم ڕێکارە.

(٩) لیژنەی باڵا مافی ئەوەی هەیە کە سەیری ستەملێکردنی هەر ئەندامێکی دەستەی وانەوتنەوە بکات بۆ ئەوانەی کە بڕیاری کارگێری لە دژیان دەرچووە لەسەر بنەمای ڕاسپاردەی لیژنەیەک لە لیژنەکانی لێکۆڵینەوە کە لە زانکۆکە پێکهێنراون و پوچەڵکردنەوی ڕاسپاردە و بڕیارەکانی لە حاڵەتەکانی پەیوەست بە بەند و بنەماکانی ئەم ڕێکارە.

(١٠) لیژنەی باڵا بە سەرپەرشتی و هەماهەنگی فەرمانگەی توێژینەوەو پەرەپێدان بەرپرسیارە لە پێشکەشکردنی ڕاوێژ و ڕێکخستنی وۆرکشۆپ و سیمینارەکانی پەیوەست بە کارەکانیان لەناو زانکۆدا.

**ماددەی (١١):** پەیڕەو و پرەنسیپەکانی ئەنجامدانی کۆبوونەوەکانی لیژنەی باڵا و ناوەندییەکان بەم شێوەیەن:

(١) پێویستە لیژنەکان بە لایەنی کەم هەفتانە جارێک کۆبوونەوەیەک ئەنجام بدەن، سەرۆکی لیژنەکەش دەتوانێت بانگهێشتی ئەندامەکانی بکات بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەی بەپەلە بەپێی پێویست.

(٢) لیژنەکان بڕیارەکانیان بە زۆرینەی سادە (نیوە + یەک) لە کۆی ژمارەی ئەندامان دەردەچێت.

(٣) لیژنەکان ڕاستەوخۆ دەسەڵاتی خۆیان بەکاردەهێنن و دەتوانن ڕاوێژی پسپۆڕان و شارەزایان وەربگرن کە نازناوی زانستییان لە پرۆفیسۆری یاریدەدەر کەمتر نییە.

(٤) ئەندامی لیژنەکە بۆی نییە بەشداری لە کۆبوونەوەی لیژنە بکات و دەنگ بدات لەم حاڵەتانەی خوارەوە:

أ. ئەگەر ئەندامێکی لیژنەکە سەرپەرشتی ماستەرنامە یان تێزی دکتۆرا ئەو کەسەی کردبێت کە سکاڵای لەسەر بێت یان لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکرێت یان سەرپەرشتی دەکرێن لەلایەن ئەو ئەندامەوە لە قۆناغی خوێندنی باڵا، یان ئەگەر ئەندامەکە یەکێك بووبێت لەو هەڵسەنگێنەرە زانستیانەی کە لەلایەن لیژنەی ناوەندی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی لە زانکۆکەی یان زانکۆیەکی تر ڕاسپێردرا بوو بۆ هەڵسەنگاندنی توێژینەوەکانی سکاڵا لەسەرەکە.

ب. ئەگەر ئەندامەکە پەیوەندی خزمایەتی تا پلەی چوارەم بەو کەسەوە هەبێت کە سکاڵای لێکراوە یان بەیەکێك لەو لایەنانەی کە پەیوەندیدارە بەو دۆسیەیەی کە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت.

ج. ئەگەر سەلمێندرا کە ڕکابەری، ناکۆکی یاسایی، یان بەریەکەوتنی بەرژەوەندی هەیە لە نێوان ئەندامی لیژنە و سکاڵاکەر یان ئەوانەی کە لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکرێت.

**(٥)** ئەگەر لە نێوان ئەندامانی لیژنەدا پسپۆڕێک نەبێت لە بواری زانستی سکاڵالێکراو یان ئەوانەی لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە دەکرێت، ئەوا دەکرێت پسپۆڕێکی زانستی لە نێوان ئەندامانی دەستەی وانەبێژی لە زانکۆیەکی تر دابنرێت، و لە حاڵەتی دانانی زیاتر لە پسپۆڕێکی زانستی، هەر پسپۆڕێک بەجیا ڕاپۆرتی خۆی ئامادە دەکات و ڕای خۆی بە شێوەیەکی ڕوون دەردەبڕێت و پاشان بەراوردکاری لە نێوان ڕاکانی پسپۆڕان بە شێوەیەکی نهێنی دەکرێت و بڕیار لەسەر بنەمای ڕای زۆرینەی پسپۆڕان دەدرێت.

**(٦)** شارەزای زانستی ڕاپۆرتەکەی ئامادە دەکات و بۆ لیژنەکەی دەنێرێت بەپێی ئەو فۆڕمەی کە بۆی نێردراوە لە لایەن لیژنەکە لە ماوەیەك کە تێپەرناکات لە مانگێك لە ڕێکەوتی وەرگرتنی دۆسیەی سکاڵا یان ئەو دۆسیەیەی کە لەژێر لێکۆڵینەوەدایە و دەکرێ تەنها جارێک درێژ بکرێتەوە، کە لە پانزە (١٥) ڕۆژ زیاتر نەبێت لە ڕێکەوتی داواکارییەکەی.

**(٧)** ئەندامی لیژنە مافی بەشداریکردنی لەو کۆبوونەوەیەدا نییە کە تیایدا باس لە دۆسیەیەك دەکرێت کە خۆی تێیدا تۆمەتبار بێت بە پێشێلکردنی ناوەڕۆکی ئەم ڕێکارە.

**(٨)** نابێت پەیوەندی خزمایەتی تا پلەی چوارەم لە نێوان ئەندامانی یەك لیژنەدا هەبێت.

**ماددەی (١٢):** میکانیزمی کارکردنی لیژنەی باڵا و لیژنە ناوەندییەکان:

**(١)** ئەم لیژنانە بە دوو قۆناغ بەدواداچوون دەکەن بۆ ئەو هەواڵدان و ڕاپۆرتانەی کە پێیان دەگات:

**أ-** لێکۆڵینەوەی بەرایی و دەرکردنی ڕاسپاردەکان لە ئەستۆی (لیژنە ناوەندییەکان) دەبێت بەپێی پسپۆڕی زانستی و ئەو کۆلێژەی کە سکاڵاکەر کاری تێیدا دەکات یان ئەوانەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکرێت.

**ب-** لێکۆڵینەوەی کۆتایی و پێداچوونەوە بەو ڕاسپاردانەی کە لەلایەن (لیژنە ناوەندییەکان) دەرکراون و دەرکردنی بڕیار سەبارەت بەوانە لە دەسەڵاتی (لیژنەی باڵا) دەبێت، جا سکاڵاکەر سکاڵا لەبارەی ئەو ستەمەی لێیکراوە پێشکەشی لیژنەکە بکات یان نا.

**(٢)** هەموو زانیاری و بەڵگەنامە و بەڵگەی تایبەت پێشکەش دەکرێن و هاوپێچ دەکرێن لەگەڵ ڕاپۆرت و سکاڵاکان سەبارەت بە پێشێلکارییەکان بۆ ئەم لیژنانە.

**(٣)** هەر لیژنەیەك دۆسیەیەکی تایبەت بۆ هەر کەیسێك ئامادە دەکات.

**(٤)** سەبارەت بەو سکاڵا و ڕاپۆرت و هەواڵدانانەی کە بۆ ئەم لیژنانە نێردراون دەربارەی ئەندامێکی دەستەی وانەوتنەوە کە مامەڵەی پێشکەشکردبێت بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی و مامەڵەکەی لە ژێر هەڵسەنگاندندا بێت یان بڕیار بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستیەکەی دەرچوو، دەبێت لیژنەی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی مامەڵەی ناوبراو هەڵپەسێرێت و بینێرێت بۆ لیژنەی باڵا بۆ ئەوەی بڕیاری لەبارەوە بدرێت سەبارەت بە هاوڕێکبوون و هاوڕێکنەبوونی لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەم ڕێکارە.

**(٥)** ئەو کەسەی کە سکاڵای لەسەرە یان ئەوانەی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت، دەبێت بەرگرییەکانی خۆیان بەنووسراو لەگەڵ زانیاری و بەڵگەنامە پێویستەکاندا پێشکەش بکەن و ئەگەر لە ماوەی ئەوپەڕی (١٥) پازدە ڕۆژدا لە ڕێکەوتی وەرگرتنی نووسراوی ئاگادارییەکەوە کە لەلایەن لیژنە ناوەندیەکان ئاراستەی کراوە، ئەوا لیژنەکە دەتوانێ ڕاسپاردەکانی پێشکەش بکات و، لیژنەی باڵاش دەتوانێت بڕیاری خۆی بدات بە پشتبەستن بەو زانیاریانەی کە وەریگرتووە و ئەو بەڵگانەی بەدەستی هێناوە، بەو مەرجەی کە ئەمە لە خودی نووسراوی ئاگادارکردنەوەکەدا ئاماژەی پێکرا بێت.

**(٦)** ئەو کەسەی سکاڵای لەسەرە یان ئەوانەی کە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت مافی ئەوەیان هەیە کە داوای وێنەیەك لە پەڕاوی سکاڵانامەکە یان ڕاپۆرتەکە لەگەڵ بەڵگەنامە هاوپێچەکان بکەن، بەمەبەستی پێشکەشکردنی بەرگرییەکانیان بە نووسراو. لەم حاڵەتەدا پێویستە ناوی سکاڵاکار بە نهێنی بپارێزرێت و لەسەر سکاڵەکە لابدرێت.

**(٧)** دوای گفتوگۆکردن لەسەر بڕیارەکان لە لیژنەی باڵا ئینجا دەنگدانیان لەسەر دەکرێت و بڕیاریان لەبارەیەوە دەدرێت و لەلایەن سەرجەم ئەندامانی لیژنەکە واژۆی لەسەردا دەکرێت و ئەو ئەندامەی کە نارازییە لە بڕیاری زۆرینە، دەبێت هۆکاری نارازیبوونەکەی خۆی بە نووسراو بخاتەڕوو.

**(٨)** بڕیارە کۆتاییەکان کە لەلایەن لیژنەی باڵاوە دەدرێن بە پشتبەستن بە کۆنووسی فەرمی دەنووسرێت و بڕیارەکانی لیژنەکەش خۆی دەخرێتە بەردەم سەرۆکی زانکۆ بە مەبەستی پەسەندکردنیان.

**(٩)** ئەندامانی لیژنەکە یان شارەزا زانستییەکان بۆیان نییە نهێنی ئەو زانیاری و بەڵگەنامە و دۆکیومێنتانە ئاشکرا بکەن کە لە کاتی لێکۆڵینەوەکەدا بەدەستیان هێناوە یان سەیری ئەوەیان کردووە کە تێیدا هاتووە.

**(١٠)** لیژنە باڵاکان و لیژنە ناوەندییەکان نوسراوەکانیان لەگەڵ زانکۆکان و دامەزراوەکانی تردا بە شێوەیەکی نهێنی و تەنها لە ڕێگەی سەرۆکی زانکۆوە ئەنجام دەدەن.

**ماددەی (١٣):** سزای کارگێڕی و پێویست و ڕێکارەکانی تری کارگێڕی و یاسایی و تاوانکاری بە پشتبەستن بە یاسا بەرکارەکان دەگیرێنەبەر کە لەلایەن لیژنەی باڵاوە پەسەندکراون بەرامبەر بەو کەسانەی کە سەلمێنراوە بە پێچەوانەی ناوەڕۆکی ئەم ڕێکارە هەڵسووکەوتیان کردووە دوای پەسندکردنیان لەلایەن سەرۆکی زانکۆ.

**ماددەی (١٤):** ئەگەر پێشتر نازناوی زانستی یان بڕوانامەی ئەکادیمی لە ئەنجامی بەجێگەیاندنی توێژینەوەی زانستی بەدەست هاتبێت و ئەم توێژینەوەیە بەهۆی پێشێلکردنی ناوەڕۆکی ڕێکارە ئاکارییەکانەوە ئەنجامدرابێت، دوای سەلماندنی، ئەوا لیژنەی باڵا مافی خۆیەتی بڕیار بدات بە لێسەندنەوەی نازناو یان بڕوانامە لە کەسی پەیوەندیدار، لەم حاڵەتدا پێویستە زانکۆ/دامەزراوەکە ئەو دەستکەوتە داراییانەی کە بە هۆی نازناوەکە یان بڕوانامەکە پێیبەخشیوە، لە کەسی پەیوەندیدار وەربگرێتەوە.

**ماددەی (١٥):** ئەگەر دوای بەدواداچوونەکان سەلمێنرا کە ئەندامێکی دەستەی وانەوتنەوە پێشێلکاریی ڕێکاری ئاکاری پەیوەست بە توێژینەوەی زانستی و بڵاوکردنەوە ئەنجام داوە ئەوا دەربڕینی ڕەزامەندی یان لاری نەبوونی نووسەری ڕاستەقینە یان دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە کە زیان بە ماف و بەرژەوەندییەکانی کەوتووە لە ئەنجامی ئەم پێشێلکارییە، نابێتە هۆی ڕەتکردنەوەی بەرپرسیارێتی لەسەر ئەو ئەندامەی دەستەی وانەوتنەوە.

**ماددەی (١٦):** ئەگەر ئاشکرابوو کە کارێکی زانستی بڵاوکراوە یان لەژێر بڵاوکردنەوە، پێچەوانەی ناوەڕۆکی ئەم ڕێکارە، پێویستە سەرۆکی زانکۆ لایەنی دەزگای بڵاوکردنەوەکە ئاگادار بکاتەوە کە مافەکانی پێشێل کراوە و زیانی پێگەیشتووە.

## بەشی پێنجەم

## حوکمە کۆتاییەکان

**ماددەی (١٧):** بەکارهێنانی زانیاریی تایبەت بە بوارە زانستییە بنەڕەتییەکان و تیۆرەکان و سەلمێندراوە بیرکاری و زانستییە جێگیرەکان، یان بنەما و پرەنسیپە یاساییە گشتییەکان و دەقەکانی یاسا لە توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و پرۆژە زانستییەکان بە پێشێلکردنی ناوەڕۆکی ئەم ڕێکارە هەژمار ناکرێت.

**ماددەی (١٨):** ڕەفتاری پێشێلکاری بە ئەنقەست یان زیانگەیاندنێکی گەورە بەپێی ناوەڕۆکی ئەم ڕێکارە، بە ڕەفتاری نادروستی زانستی هەژمار دەکرێت کە پێویستی بە سزادان، ڕاستکردنەوە، یان چاککردنەوەی زیانەکان هەیە.

**ماددەی (١٩):** سەرجەم زانکۆ دامەزراوە ئەکادیمییەکان پابەند دەبن بە ڕێکاری ئاکاری ئەکادیمی و بڵاوکردنەوەیان لە نێوان ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوەدا و زامنکردنی پابەندبوون پێی و هۆشیاری لە ناوەڕۆك و ئامانجەکانیان، بۆ ئەوەی ئەندامی دەستەی وانەوتنەوە بەرپرسیارێتی پابەندبوون بەو پێوەرانە لە ئەستۆ بگرێت لە چوارچێوەی کارەکانیدا.

**ماددەی (٢٠):** وەزارەت و دامودەزگاکانی بەرپرسیارێتی هێنانەکایەی هەلومەرجی ماددی و مەعنەوی لە ئەستۆدا دەگرنەبەر کە پێویستن بۆ پەرەپێدانی توێژینەوەی زانستی و چالاکییە ئەکادیمییەکان و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان بەپێی ناوەڕۆکی ئەم ڕێکارە و، زامنکردنی پابەندبوون بەگواستنەوەی زانین و پێشکەشکردنی پشتگیری پیشەیی گونجاو بۆ هەموو ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە.

**ماددەی (٢١):** ناوەڕۆکی ئەم ڕێکارە سەرجەم ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە و فەرمانبەرانی زانکۆکانی و دامەزراوە ئەکادیمییەکان و وەزارەت دەگرێتەوە، هەروەها ئەوانەی کە لە دەستەواژەی "فەرمانبەری ڕاژەی زانکۆیی"دا هاتووە بە پێی یاسا بەرکارەکان.

**ماددەی (٢٢):** ئەندامی دەستەی وانەوتنەوە سوودمەند دەبێت لە کۆمەڵێك مافی بنچینەیی، کە دەبێت وەزارەت/زانکۆ کار بۆ دەستەبەرکردنی بکات وەک:

(١) دەبێت بە ڕوونی ئەرك و بەرپرسیارێتی ئەندامی دەستەی وانەوتنەوە دیاری بکرێت و ئەوەی کە لێی چاوەڕوان دەکرێت بەدەستی بهێنێت.

(٢) مامەڵەکردن لەگەڵیدا لەسەر بنەمای ماف و شایستەیی و کێبڕکێی دادپەروەرانە و دەرفەتی یەکسان و هاندان بۆ پەرەسەندن و بەجێهێنان.

(٣) کەشوهەوایەکی زانستیی باشی بۆ دابینبکرێت و لەوەش دڵنیابکرێتەوە کە لە شوێنی کارەکەیدا هیچ جۆرە جیاکارییەکی بەرامبەریدا ناکرێت.

(٤) ڕەخساندنی دەرفەتی ڕاهێنانی گونجاو و بەردەوام بۆ باشترکردنی پێشکەوتنەکانی لە پیشە و ڕێڕەوی کار و پیشەی ئەکادیمیدا بەپێی یاسا بەرکارەکان.

(٥) بەپێی ماددە و برگەکانی ئەم ڕێکارە ئازادی گوزارشتکردن و ڕادەربڕینی بۆ فەراهەم بکرێت.

(٦) لەلایەن دادگا مافی ستەمدادی و سکاڵاکردنی بۆ دەستەبەر بکرێت بۆ هەر بڕیارێك کە لە بەرامبەریدا وەردەگیرێت کە دژی خۆی بەهەڵە و ناڕەوای دەبینێت.

**ماددەی (٢٣):** پێویستە سەرجەم ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە و فەرمانبەران و قوتابیان/خوێندکارانی زانکۆ بتوانن سەیری ئەم ڕێکارە بکەن و ئاشنای ناوەڕۆکەکەی بن و پابەندبن بە ناوەڕۆکەکەیەوە.

**ماددەی (٢٤):** پرۆسەی بڕیاردان و بەراییەکانی لیژنەی باڵا و ڕاسپاردەکانی لیژنە ناوەندیەکان بە نهێنی دەبێت و هیچ کەس بۆی نییە سەیریان بکات یان ئاگاداریان بێت جگە لە وەزیر و سەرۆکی زانکۆ و بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان، یان هەر کەسێکی دیکە بەپێی یاسا ڕێگەی پێدراوە سەیریان بکات.

**ماددەی (٢٥):** نابێت دووبارە سەیری ئەو سکاڵایانە بکرێت کە پەیوەندیان بەو کەیسانە هەیە کە پێشتر لەلایەن لیژنەی باڵاوە لێیان کۆڵراوەتەوەو بڕیاریان لەبارەوە دراوە و پێویستە لیژنەکەش بەڕوونی ئەمە بخاتەڕوو لە بڕیاری ڕەتکردنەوی سکاڵاکەدا، هەروەها لایەنی زیانلێکەوتوو مافی خۆیەتی بۆ پەنابردنە بەر دەسەڵاتی دادوەری.

**ماددەی (٢٦):** پێویستە ڕێوشوێن بگیرێتەبەر بۆ پاراستنی هەموو ئەو کەسانەی کە ڕەفتاری نادروستی زانستی ڕادەگەیەنن و هەواڵی لێدەدەن و هەم ئەو کەسانەی تۆمەتبارن و سکاڵایان لەسەرە. دەبێت بە نهێنی تەواو مامەڵە لەگەڵ ڕاپۆرت و سکاڵاکان بکرێت و تۆمەتبار بێتاوان بێت تا ئەوکاتەی تاوانەکەی دەسەلمێنرێت.

**ماددەی (٢٧):** ئەو سزایانەی کە لە ئەنجامی ڕەفتاری نادروستی زانستی یان پێشێلکردنی ناوەڕۆکی ئەم ڕێکارە دروست دەبن بریتین لە سزای کارگێڕی بەپێی یاسا بەرکارەکان و هەروەها دواخستنی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی یان لێسەندنەوەی نازناوی زانستی یان هەڵوەشاندنەوەی بڕوانامەی ئەکادیمی یاخود یان دورخستنەوە لە وانە وتنەوە یان دورخستنەوە لە زانکۆ و دامەزراوە ئەکادیمیەکان.

**ماددەی (٢٨):** سزاکانی دەرئەنجامی ڕەفتاری نادروستی زانستی یان سەرپێچیکردنی ناوەڕۆکی ئەم ڕێکارە، ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە و فەرمانبەران و توێژەرانی دامەزراوە زانکۆییەکانیش دەگرێتەوە کە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی ئەنجام دەدەن یان بەشداری دەکەن لەپێناو بەرژەوەندی کەسانی تر لە بەرامبەر بڕە پارەیەك یان سوودێکی ماددی یان معنوی، یان ئەوەی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لە کەسانی دیکە دەکڕێت بەمەبەستی بەدەستهێنانی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی و بەدەستهێنانی نازناوی زانستی و بڕوانامەی ئەکادیمی.

**ماددەی (٢٩):** پێویستە سەرجەم زانکۆ و دامەزراوە توێژینەوەییەکانی هەرێمی کوردستان کە لە لایەن وەزارەت مۆڵەتی پێدراوە پابەندبن بە ناوەڕۆکی ئەم ڕێکارە، ئەو دامەزراوانەی کە پابەند نین بە خودی ڕێکارەکە بەتەواوی یان بە بەشێکی، ئەوا وەزارەت پشتگیری ماددی و مەعنەویان بۆ دابین ناکات یان مۆڵەتی کارکردنیان هەڵدەوەشێتەوە یان ڕادەگیرێت تاوەکو تەواوی ناوەڕۆکی ئەم ڕێکارە وەك خۆی جێبەجێ دەکەن، هەروەها ئەم ڕێکارە پابەندییە بۆ دامەزراوە حکومی و ناحکومییەکانی دیکە لە چوارچێوەی پارەدانیان بۆ دامەزراوە زانکۆییەکان و پرۆژەکانی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی هاوبەش یان پێشکەشکراو لەلایەن ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوەدا.

**ماددەی (٣٠):** لێژنەی باڵا هەڵسەنگاندن بۆ ئەو سکاڵا یان ڕاپۆرتانە دەکات کە بریتین لە پێشێلکردنی کەسانی تر بۆ ناوەڕۆکی ئەم ڕێکارە بە شێوەیەك ڕەوانە دەکرێن بۆ لێژنەی باڵا لەو زانکۆ یان دامەزراوەیەی کە سکاڵالێکراو کاری تێدا دەکات، یان ڕاستەوخۆ ڕەوانەی دەسەڵاتی دادوەری دەکرێت بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەر بدات.

**ماددەی (٣١):** وەزیر و سەرۆکی زانکۆ و بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان بەرپرسیارن لە کاراکردن و جێبەجێکردنی ئەم ڕێکارە.

**ماددەی (٣٢):** وەزارەت/فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان بەرپرسیارە لە جێبەجێکردنی ئەحکامەکانی ئەم ڕێکارە لەناو دیوانی وەزارەتدا، بەجۆرێك سەرۆکایەتی لێژنەیەکی باڵا دەکات کە پێکدێت لە (٧) حەوت ئەندام کە لەلایەن بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگە سەرۆکایەتی دەکرێت و لەلایەن وەزیرەوە هەڵدەبژێردرێن.

**ماددەی (٣٣):** لە حاڵەتی سەرپێچیکردنی خاڵەکانی هاتوو لەم ڕێکارە، پێویستە ئەندامی دەستەی وانەوتنەوە یان قوتابی/خوێندکار یان هەر کەسێکی دیکە، سکاڵا پێشکەش بە لیژنەی باڵا یان سێ لیژنە ناوەندییەکە بکات بە مەبەستی ئەنجامدانی گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی بە زووترین کات.

**ماددەی (٣٤):** پێویستە لەسەر گشت زانکۆ و دەستە و ئەنجومەن و کۆلێژی زانکۆیی و پەیمانگە و دامەزراوە ئەکادیمییەکانی حکومی و تایبەت لە هەرێمی کوردستان، ناوەڕۆکی ئەم ڕێکارە لەسەر وێبسایتی فەرمی خۆیان بڵاوبکەنەوە.

**ماددەی (٣٥):** ئەم ڕێکارە لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت.

**ماددەی (٣٦):** پێویستە ئەندامی دەستەی وانەوتنەوە بەڵێننامەی خوارەوە واژۆ بکات و بەپێی ئەوە بەڵێن بدات کە ئاگاداری ناوەڕۆکی ئەم ڕێکارە و پابەندە بە ناوەڕۆکەکەی و وێنەیەک لەم بەڵگەنامەیە لە دۆسیەی پیشەییەکەی لە بەشی سەرچاوە مرۆییەکانی زانکۆکەی و دیوانی وەزارەت هەڵدەگیرێت، بە پێچەوانەوە مافی وانەوتنەوەی نامێنێت.

حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان
بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا

حكومة اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
دائرة البحث والتطوير
مديرية الدراسات العليا

## بەڵێننامە

من واژۆکاری خوارەوە: (ناوی سیانی.........) ئەندامی دەستەی وانەوتنەوە لە (...............)، بەڵێن دەدەم کە ئاگاداری ئەحکامەکانی ئاکارە ئەکادیمییەکان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان- عێراق بووم و لە ناوەڕۆکەکەی تێگەیشتووم، بەڵێن دەدەم بە پابەندبوونی تەواو بە ڕێکارە هاتووەکانی تێیدا و وێنەیەکم لێی وەرگرتووە.

ناوی سیانی:

واژۆ:

ڕێکەوت: / /

## هۆیەکانی دەرچوون

لەبەرئەوەی کارکردن لە بوارەکانی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی پیشەیەکی ئاست بەرزە و پێویستی بە بوونی دەستەیەکی وانەوتنەوە هەیە کە خاوەن ئاکاری ئەکادیمی گونجاو و لێهاتوویی بەرز بن بۆ بەڕێوەبردنی پرۆسەی خوێندن و فێربوون و بەرزکردنەوەی ئاست و کوالێتی خوێندن و توێژینەوەی زانستی بۆ بەرزترین ئاست، هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی نەبوونی ڕێسایەکی گشتگیر وەک ئەوەی لەم ڕێکارەدا هاتووە ڕێکبخات و پارێزگاری لە دەسپاکی ئەکادیمی و و بنەما ئاکارییەکان و نەریتە ڕەگداکوتاوەکانی لە هەرێمی کوردستان- عێراق تا ئەوپەڕی رادە بکات، ئەمە جگە لە گۆڕانکارییە گەورەکان لە شێوازەکانی توێژینەوەی زانستی و بڵاوکردنەوە و ئەوەی بەهۆی شۆڕشی تەکنەلۆژی و بەکارهێنانی بەرنامە جۆراوجۆرەکانی ژیری دەستکرد کەسانێك لە دامەزراوە زانکۆییەکان یان دەرەوەی دامەزراوە زانکۆییەکان تووشی هەندێك لادان لەم بنەمایانە کە لەم ڕێکارەدا هاتووە بېن، هەروەها بەهۆی گەشەسەندنی هاوچەرخ لە بوارەکانی بڵاوکراوەی نووسراو و ئەلیکترۆنی و هەمەچەشنی شێوەکانی هاوکاری ئەکادیمی لە نێوان توێژەرانی خاوەن پسپۆڕی زانستی جیاواز. لەبەر ئەم هۆکارانە، ئەم ڕێکارە دارێژراوە بۆ دانانی سنوورێکی ڕوون بۆ ڕەفتاری زانستی گونجاو و ئاکاری ئەکادیمی و پابەندبوون پێیانەوە لە سەرجەم زانکۆکان و دامەزراوە ئەکادیمیەکان لە هەرێمی کوردستان.

د. ئارام محمد قادر
وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

**وێنەیەک بۆ:**

- نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان/ نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ/ بۆ کاری پێویست/ لەگەڵ ڕێزدا.
- دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی/ نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی دەستە/ بۆ کاری پێویست/ لەگەڵ ڕێزدا.
- ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتیە پزیشکیەکان/ نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن/ بۆ کاری پێویست/ لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت زانکۆ و کۆلێژی زانکۆیی و پەیمانگە تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان/ نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ و راگری کۆلێژ و پەیمانگە/ بۆ کاری پێویست/ لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت فەرمانگەکانی دیوان وەزارەت/ نووسینگەی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی/ بۆ زانین/لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا/ لەگەڵ بەراییەکان.
- دەرکردە